# ئیستیغاسەو هاوارکردن

# لە میزانی شەڕعدا


نوسینی

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان




# ئیستیغاسەو داوای کۆمەکی کردن و هاوارکردن

سەبارەت بە داوای کۆمەکی کردن لە غەیری خوا سەرەتا پێم خۆشە وتەی ئینکاری کەرانی بهێنم دواتر موناقەشەی لەسەر ئەکەین، ئیمامی شەوکانی ئەفەرمووێ: "ئیستیغاثە: ئەوە داوای بە هاناوەچوونە، کە لابردنی ناخۆشیەکە وەکوو سەرخستن، کە داوای سەرخستنە، ئەمە هیچ خیلافێکی تێدا نیە کەوا دروستە داوا لە کەسێك بکرێت لەو کاروبارانەی کەوا توانای بەسەرا ئەشکێ، ئەمە پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە نیە، چونکە لەوپەڕی ڕوونیدایە، وە واشی بۆ ناچم کەوا خیلافی تێدابێ، یەکێك لە بەڵگەکان هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿فَٱسْتَغَـٰثَهُ ٱلَّذِى مِن شِيعَتِهِۦ عَلَى ٱلَّذِى مِنْ عَدُوِّهِۦ﴾[1]. واتە: (جارێکیان کە خەڵك نوستبوون و ئاگایان لە خۆیان نەبوو موسا هاتە ناو شار، لەو کاتەدا دوو کەسی دی چووبوون بە گژیەکا، یەکێکیان لە تاقمی خۆی بوو واتە: لە تاقمی بەنوو ئیسرائیلیەکان بوو وەکوو موسا، ئەوەکەی تریش لەبەرەی فیرعەونی بوو کەوا دوژمنی موسا بوو، ئەوەی کە لەتاقمی موسا بوو هاواری بۆ موسا برد تاوەکوو کۆمەکی بکات و یارمەتی بدات لە دژی ئەو کەسەی کە لەتاقمی دوژمنەکەیەتی). وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿وَإِنِ ٱسْتَنصَرُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ فَعَلَيْكُمُ ٱلنَّصْرُ﴾[2]. واتە: (موسڵمانەکان ئەگەر موحتاجی یارمەتی بوون و داوای یارمەتیان لێ کردن ئەوە لەسەرتان واجبە کەوا یارمەتیان بدەن لە دژی

---

[1] سورة القصص: ١٥

[2] سورة الأنفال آية ٧٢

دوژمنەکانیان). وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰ﴾[٣]. واتە: (ئێوە یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر کاری چاکەو تەقواکاری). بەڵام ئەو شتانەی کەوا توانای بەسەرا ناشکێ جگە لە خوا نەبێ ئەوە داوای کۆمەکی لێ ناکرێ جگە لەو نەبێ، وەکوو لێخۆشبوونی گۆناهەکان و، هیدایەتدان و، دابەزاندنی باران و، ڕۆزی و، وێنەی ئەمانەش، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَمَن يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ﴾[٤]. واتە: (ئەوەی لە گوناهو تاوەنەکان ئەبوورێ تەنیا خوایەو بەس). وە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ﴾[٥]. واتە: (تۆ ناتوانی هیدایەتی ئەو کەسە بدەی کەوا خۆشت ئەوێ، بەڵکوو ئەوە خوایە کە هیدایەتی ئەو کەسە ئەدات کە خۆی ویستی لەسەرە). وە ئەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾[٦]. واتە: (ئەی خەڵکینە یادی ئەو هەموو نیعمەتانە بکەنەوە کە خوای گەورە ڕشتوویەتی بەسەرتانەوە، ئایا جگە لە خوا بە دیهێنەرێکی تر هەیە لە ئاسمان زەوی کەوا ڕۆزیتان بدات؟). وە ئەمەش لەسەر ئەوە هەڵئەگرێ ئەوەی کەوا تەبەڕانی لە (معجم الکبیر) ڕیوایەتی کردووە کەوا لە زەمانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مونافیقێك هەبوو ئەزیەتی ئیماندارانی ئەدا، ئەوەبوو ئەبو بەکر فەرمووی: با هەستین داوای کۆمەکی لە پێغەمبەری خوا

[٣] سورة المائدة: ٢

[٤] سورة آل عمران: ١٣٥

[٥] سورة القصص: ٥٦

[٦] سورة فاطر: ٣

بکەین صلی الله علیه وسلم لە دەست ئەو مونافیقە، حەزرەتیش فەرمووی: (إِنَّهُ لا يُسْتَغَاثُ بِي وَإِنَّمَا يُسْتَغَاثُ بِاللهِ)[٧]، واتە: بێگومان ئەبو بەکر هاوارو داوای کۆمەکی لە من ناکات بەڵکوو داوای کۆمەکی لە خوای مەزن ئەکات، جا مەبەستی پێغەمبەری خوا لەوە ئەمەیە کەوا داوای شتێکی لێ ناکرێ کەوا توانای بەسەرا ناشکی جگە لە خوای گەورە نەبێ، بەڵام ئەوەی کەوا مەخلوق توانای بەسەرا ئەشکێ ئەوە هیچ ڕێگریەکی تیا نیە، وەکوو داوای کۆمەکی کردنی کەسێك لە کەسێکی تر تاوەکوو یارمەتی بدات لەسەر هەڵگرتنی بەردێك یاخود بێتە نێوان خۆی و نێوان دوژمنە کافرەکەی یاخود لە کۆڵ ئاژەڵێکی دڕندە یاخود دزێکی بکاتەوە یانیش وێنەی ئەمانە". لێرەدا کۆتایی بە قسەکەی شەوکانی هات.

ئیمام شەوکانی ئەفەرمووێ: "زانستخوازان باسی ئەوەیان کردووە کەوا لەسەر هەموو کەسێکی تەکلیف لێکراو پێویستە ئەوە بزانێ کەوا جگە لە خوای گەورە هیچ کۆمەکی پێ بردراو و کۆمەکی کارێك نیە بە ڕەهایی، وە هەموو کۆمەکی کردنێك هەر لە لایەن خۆیەوەتی، جا ئەگەر بێت و شتێك لەو کۆمەکیە لەسەر

[٧] (سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی تەبەڕانی ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێ: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی پیاوانی هەردوو صەحیحەکەیە (کە بوخاری و موسلیمە) جگە لە ئیبن و لوهەیعە نەبێ کەوا فەرموودەی حەسەنە. بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠/ل١٥٩). وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانیش لەبارەی عبد الله کوڕی لوهەیعەی کوڕی عوقبەی حەضرەمیەوە ئەفەرمووێت: "ڕاستگۆیەو، لە چینی حەوتەمە، دوای ئەوەی کەوا کتێبەکانی سوتا ئیتر لێی تێکەڵ ئەبوو (واتە: فەرموودەکانی لێ تێکەڵ ئەبوو دوای سوتانی کتێبەکەی)". بڕوانە: (تقریب التهذیب)(ل٥٣٨/ژ٣٥٨٧). بۆیە فەرموودەکەی تەبەڕانی حەسەنە.

دەستی یەکێك جگە لە خوای گەورە پەیدابوو ئەوە لە حەقیقەتدا هی خوای گەورەیە، وە بۆ غەیری ئەویش مەجازو خواستراوە، وە یەکێك لە ناوە جوانەکانی (مُغِيثُ و غِيَاثَ)ــە". وە ئەبو عبد الله حولەیمی ئەفەرمووێ: " (غِياثْ ئەوە مُغِيثَ)ــە، وە زۆرترین کە بگوترێ (غِياثَ الْمُسْتَغِيثِين) واتە: کۆمەکی کردنی بە ندەکانی لە کاتی ناخۆشیدا کاتێ کە هاواری بۆ ئەبەن، وە مانای وەلاّمدانەوەیان و ڕزگاری کردنیانە، وە لە هەوالّی باران بارینیشدا لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە (اللهم أغثنا): واتە: پەروەردگارمان یارمەتیدان بدە، وە إغاثة وە غياثة وە غوثاً ئەوە مانای (مُجِيبُ و مُسْتَجِيبَ) واتە: وەلاّمدەرەوە، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِذۡ تَسۡتَغِيثُونَ رَبَّكُمۡ فَٱسۡتَجَابَ لَكُمۡ﴾[٨]. واتە: (یادی ئەوە بکەن کە هاوارتان لە خودا ئەکردو داوای یارمەتیتان لەو ئەکردو ئەویش پاڕانەوەکەی لێ قبووڵ کردن و هات بەدەنگتانەوە). بەلاّم ئەوەندە هەیە کۆمەکی کردن شایانترە بە کردارەکان، وە وەلاّمدانەوەش بە وتەکان، وە بێگومان هەریەکێکیان ئەکەونە ئەوەکەی ترەوە".

وە سەروەرمان بە ئیبن و عەبباسی  فەرموو: (ئەی مێرمنداڵ من چەند وشەیەکت فێر ئەکەم، خوا بپارێزە ئەتپارێزێ، خوا بپارێزە لەبەردەمت دەستت ئەکەوێ، ئەگەر داوات کرد داوا لەخوا بکە، وە ئەگەر داوای یارمەتیشت کرد داوا لەخوا بکە، وە بشزانە ئەگەر بێت و ئوممەت کۆ ببنەوە تاوەکوو سوودێکت پێ بگەیێنن ئەوە ناتوانن سوودت پێ بگەیێنن مەگەر ئەو ئەندازەیە نەبێ کە خوای گەورە بۆتی نوسیوە، وە ئەگەر بێت کۆببنەوە تاوەکوو زیانێکت پێ بگەیێنن ئەوە

[٨] سورة الأنفال آية ٩

ناتوانن مەگەر ئەو ئەندازەیە نەبیٚ کە خوای گەورە لەسەرتی نوسیوە، پیٚنووسەکان بەرزکراونەتەوەو لاپەڕەو کتیٚبەکانیش وشك بوونەتەوە)[٩]. (بیٚگومان وتەکەی سەروەرمان ڕاستە ئەبیٚت هەموو مرۆڤیٚك ئەو بڕوایەی هەبیٚ کە ئەوەی سوودی پیٚ ئەگەیەنیٚ و زیانی پیٚ ئەگەیەنیٚ تەنها خودایە، چونکە هیچ کەسیٚك ئەو توانایەی نیە سوودو زیانت پیٚ بگەیەنیٚ مەگەر ئیللا بە ئیزنی خوا نەبیٚ جا ئەوانەی کە داوا لە پیٚغەمبەری خواو پیاوچاکان ئەکەن یاخود هاواریان لیٚ ئەکەن ئەمەش هەر داوایە لە خوداو هەر بۆ خودا ئەگەڕیٚتەوەو هیچ دژایەتیەك نیە)[١٠].

وە شیٚخ ئیبن و تەیمەیەش لە هەندیٚك لە فەتواکانیدا بەو دەستەواژە ئەفەرموویٚ: "کۆمەکی کردن بە مانای داواکردنە لە پیٚغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بەوەی کەوا شایەنە بە پلەو پایەی ئەو، ئەمەش هیچ موسڵمانیٚك مشتومڕی تیایدا ناکات، جا ئەگەر هەر کەسیٚك مشتومڕی تیادا کرد لەو مانایەدا ئەوە کافرە یاخود هەڵەکاریٚکی گومڕابووە، بەڵام بەو مانایەی کەوا پیٚغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ڕەتی کردووەتەوە ئەوە پیٚویستە ڕەتی بکریٚتەوە، وە هەرکەسیٚك شتیٚك بۆ غەیری خوای گەورە بچەسپیٚنیٚ کە جگە لە خوای گەورە نەبیٚ ئەو شتە ناچەسپیٚ ئەوە بیٚگومان کافرە ئەگەر بیٚت و ئیقامە حوججەی لەسەر کرا ئەوەی کەوا لەسەر تەرك کردنی کافر ئەکریٚ".

---

[٩] حاکم و ترمذی و ئەحمەدو بەیهەقی ڕیوایەتیان کردووە، ترمذی ئەفەرموویٚ: "فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە". بڕوانە: (سنن الترمذي)(ژ٢٥١٦). وە (مسند أحمد)(ژ٢٦٦٩). (شعب الإيمان)(ب١/ل٢١٦/ژ١٩٥). وە (مستدرك حاكم)(ژ٦٣٠٣).

[١٠] ڕوونکردنەوەی خۆمە.

وە هەر سەبارەت بەو بابەتە ئەبا یەزیدی بەسطامی فەرموویەتی: "کۆمەکی کردنی دروستکراو بە دروستکراو وەکوو کۆمەکی کردنی خنکاو بە خنکاو وایە". وە شێخ ئەبو عبد الله قوڕەیشیش فەرموویەتی: "کۆمەکی کردنی دروستکراو بە دروستکراو وەکوو کۆمەکی کردنی بەندکراو بە بەندکراو وایە". (هەموو ئەهلی تەصەوف ئەوە باش ئەزانن کە ئەبا یەزید لە لای گۆڕی ئیمامی جەعفەری صادق پەروەردە بووەو ئەو پەروەردەی کردووە، قسەکەشی وەکوو تەدلیس بەکارهێنراوە، ئەگینا خۆی لە خۆیدا وتەکەی ڕاستەو ئەو مانایەش نادا کە ئەوانەی ئەیکەنە بەڵگە، چونکە پێچەوانەی ژیانی خۆیەتی).

شێخ عبد القادر گەیلانی ئەفەرمووێ: "لەسەرتە کەوا تەقوای خوا بکەیت و پەرستشی بۆ بکەیت، وە لە هیچ کەسێکیش مەترسەو ڕەجاو تکای لێ مەکە، چونکە هەموو پێویستیەکان بە گشتی بۆ لای خوای گەورەیە ـ عز وجل، بۆیە داوا لەو بکە، وە جگە لە خوای گەورە متمانە بە هیچ کەسێك مەکە، وە بە تەنیاش پشت بەو ببەستە پاکی و بێگەردی بۆ ئەو، تەوحید تەوحید تەوحید، کۆکەرەوەی هەموان تەوحیدە". لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "هەموو شتێك بە دەستی خوای گەورەیە بۆیە هیچ شتێك لە غەیری ئەو داوا مەکە، ئایا گوێت لێ نەبووە ئەفەرمووێ: (بێگومان هیچ شتێك نیە لەو وجودەدا ئیللا گەنجینەو خەزێنەکەی لای ئێمەیە، وە لەو گەنجینەیەش دانابەزێنین ئیللا بە ئەندازەیەکی دیاریکراو نەبێ) الحجرات آیة ٢١. وە هەروەها شێخی پایە بەرز لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "هەر کەسێك داوا لە دروستکراو بکات ئەوە بەڕاستی خۆی کوێر کردووە لەبەردەرگای دروستکراو". لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "هیچ کەسێك نیە لەسەر ئەم زەویەدا کە من لێی بترسێم و تکاشی بۆ بەرم، وە نە لە

ئاسمان و نە لە دونیاو نە لە دوارۆژیشدا نیە جگە لە خوای حەق نەبێ ـ عز وجل". لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "قسان ئەکەم و تۆش لە لای من نەبووی واتە: عەدەمی، وە ئاسمان و زەویش لە لای من نەبوونە، وە هیچ کەسێك نیە سوودو زیانم پێ بگەیێنێ جگە لە الله نەبێ ـ عز وجل. لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "ئیماندار لە سروشتی خۆی دەرئەچێ بە مەبەستی چوونە لای پەروەردگاری، لە کاتێکدا حاڵی وایە کەچی لە ژێر دەستی بەڵاکانە لە ڕێگادا هەم لە دەروونی، وە هەمیش ماڵەکەی، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ خراپی ئەدەبەکەیی و دەرچوونی لە سنووری شەرعی پەروەردگاری، کۆمەکی ناکات بە دوعا، وە داوای کۆمەکیش لە غەیری پەروەردگاری ناکات، بەڵکوو تاوانەکانی بیرخۆی دێنێتەوەو ئەگەڕێتەوە بۆ نەفسی خۆی بە سەرزەنشتکردن هەتا لێ ئەبێتەوە لەمە ئینجا ئەگەڕێتەوە بۆ قەدەرو تەسلیم بوون و پشت بەستن لە ڕووی دڵەوە، سا ئەگەر بێت ئەمە حاڵ بێ ئیتر لەو کاتەیا دەرگایەکی کراوە ئەبینێ (هەرکەسێك تەقوای خوا بکات ئەوە خوای گەورە ڕێگایەکی دەربارز بوونی بۆ ئەدۆزێتەوە)[11] الطلاق آیة ٢. (بڕۆن پرسیار لە شێخ عبد القادر بکەن بزانە پێویستی بە مەددەدی پێغەمبەرو شەفاعەتی ئەو هەیە یاننا؟!، ئەو وتانەش هەمووی پەیوەندی بە تەعەللوق نەبەستنی دڵە بە پشت بەستن بە مرۆڤـ، تاوەکوو فێری ئەوەی بکات کە ئەوەی سوودت پێ ئەگەیەنێ و زیانت پێ ئەگەیەنێ

---

[11] بڕوانە: (فتح الرباني لشیخ الأکبر مولانا سیدي شیخ عبد القادر الگیلاني ـ قدس الله سره)(ل٣٨٥ـ ٣٢٢ المجلس الثاني والستون، ٣٢٣، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٣٨ المجلس الثاني والستون التوحید).

هەمووی بە ئیزنی خودایە، ئەمما لە قانوونی سەبەبیەت شێخ ڕێگری لەمە نەکردووە)[12]

حاتەمی ئەصەمیش (ڕەزای خوای لێ بێ) ئەفەرمووێ: "بینیم هەر کەسێك پشتی بە شتێکی دروستکراو بەستووە، هەندێکیان بە دونیاو درهەم، وە هەندێکی تریشیان بە ماڵ و موڵك، وە هەندێکی تریشیان بە پیشەو پیشەسازی، وە هەندێکی تریشیان بە دروستکراوێکی هاوشێوەی خۆی، منیش بیرم لەو وتەی خوای گەورە کردەوە (هەرکەسێك پشت بەخوا ببەستێ ئەوە بەسیەتی) الطلاق أية ٣. بۆیە منیش پشتم بەخوای گەورە بەست، چونکە ئەو بۆمن بەسەو چاکترین وەکیل و پشت پێ بەستراوە"[13]. قسەکەی زۆر تەواوە ئێمەش هەمان قسەی ئەو و شێخی گەیلانی ئەکەین، وە هەمان مەفهوومی شێخی گەیلانیە کە هەروەك باسمان کرد.

[12] ڕوونکردنەوەی خۆمە.

[13] بڕوانە: (أيها الولد لحجة الإسلام أبو حامد الغزالي بحاشية البروفيسور علي القرداغي)(ل١٢٧).

## ئەوانەی کە دەڵێن: دروستە ئەو چەند بەڵگەیان بەدەستە

١ـ ئەگەر هەموو داواکردنێك شیرك و پاڕانەوە بێ ئەوە خیلافی زاهیری سوننەتە، چونکە ئەوانەی ئێوە ئەڵێن: (الدعو عبادە)، داواکردن عیبادەتە، وە هیچ کەسێکیش هیدایەتی بەدەست نیەو توانای ڕۆزی دانی نیەو لێخۆشبوونی بەدەست نیە لە بری خوای گەورە، باشە ئەی چی لەو ئایەت و فەرموودانە ئەکەن؟!

أـ خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٢﴾[١٤]، واتە: ئەی محمد تۆ هیدایەتی ئەم خەڵکە ئەدەیت بۆ ڕێگای ڕاست. لێرەدا نیسبەتی هیدایەتی داوەتە پاڵ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، کەچی لە ئایەتێکی تردا نەفی هیدایەت بەدەست ئەوی کردووە: ﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ٥٦﴾[١٥]، واتە: ئەو کەسەی کە تۆ خۆشت ئەوێ ناتوانی هیدایەتی بدەی، بەڵکوو ئەوە خودایە کێی بووێ هیدایەتی ئەدات. کەواتە هیدایەتی ئایەتی یەکەم (من حیپ الإکتساب) واتە: لە ڕووی بەدەستهێنان و هەوڵدانە بۆ دەستخستنی هیدایەت، ئەوەی دووەمیش (من حیپ الخلق) واتە: لە ڕووی بەدیهێنانی هیدایەتەوە ئەوە هیچ کەسێك ناتوانێ هیدایەتی خەڵکی بدات و خەڵقی هیدایەت بکات. جا ئەگەر ئەمە کوفر بایە لە ئایەتی یەکەم خوای گەورە بەیانی نەئەکرد. بۆیە ئەگەر کەسێك بە پێغەمبەری گوت صلى الله عليه وسلم هیدایەتم بدە، ئەوە لە ڕووی ڕێگە پیشاندانە و هەوڵدان و

[١٤] سورة الشورى: ٥٢

[١٥] سورة القصص: ٥٦

بەدەستهێنانە ئەمما دروستکردنی هیدایەت بەدەست ئەو نیە، جا ئەو کەسەی پێی گوت ئەوە مانای وایە ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دوعای هیدایەتم بۆ بکەو ڕێگام نیشان بدە تا خوای گەورە هیدایەتم بدات. جا ئەوەی بەو نیەتە داوا بکات ئیتر چ لە خودی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چ لە پیاوچاکێك ئەوە کوفر نیە بەڵکوو داواکردنە کەوا دوعای بۆ بکات، بەڵام ئەگەر پێی وابێ خودی هیدایەت و خەڵقی هیدایەت بەدەست پێغەمبەرو پیاوچاکانە ئەوە نەك هەر بە مردوویی بەڵکوو بە زیندوویش کوفرە، چونکە ئەوە خودایە کە هەموو شتەکانی بەدەستە.

ب ـ خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ذُو ٱلْقُوَّةِ ٱلْمَتِينُ ۝٥٨﴾[١٦]، واتە: بەڕاستی هەر خوا ڕۆزیدەری هەمووانەو بەهێزو توانایەو زۆریش بەهێزە. جا لێرە خودا ئەوەی دووپات کردەوە کەوا خۆی ڕۆزیدەری خەڵکە، سەیرکەن بزانە لەو ئایەتەش چی ئەفەرمووێ: ﴿وَإِذَا حَضَرَ ٱلْقِسْمَةَ أُوْلُواْ ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينُ فَٱرْزُقُوهُم مِّنْهُ ۝٨﴾[١٧]، واتە: ئەگەر خزمانی غەیرە میراتبەرو هەتیوو گەداو بێ دەسەڵات حازری مەجلیسی بەشکردنی میراتەکە بوون، ئەوە ڕۆزیان بدەنێ لەو میراتە واتە: بەشی خۆیان بدەنێ. لێرەش ڕۆزیدانی داوەتە پاڵ بەندە، جا ئایەتی یەکەم لە ڕووی بەدیهێنانی ڕۆزیەوەیە کە ئەمە جگە لە خودا نەبێ هیچ کەسێك ناتوانێ ڕۆزیت بۆ درۆوست بکات، ئەوەی دووەمیش لە ڕووی عالەمی کەسب و بەدەستهێنانەوەیە واتە هەوڵدان بۆ ڕۆزی پەیداکردن. شاهێد

[١٦] سورة الذاريات: ٥٨

[١٧] سورة النساء: ٨

لەسەر ئەم دوو ئایەتە چیە ئەگەر خودی هیدایەت و ڕۆزیدان نیسبەتدانیان بۆ لای غەیری خودا شیرك بایەو حەرامبایە ئەبوایە خودا ئەو نیسبەتە نەدە چونكە چۆن شتێك نیسبەتی بۆ بدرێ لە غەیری خودا لای ئەویش شیرك نەبێ، بۆیە ئەوەی كە بە مرۆڤێك هەركەسێك ئەڵێ چ بە مردوویی چ بەزیندوویی ڕۆزیم بدە ئەگەر بە نیەتی كەسب و هەوڵدان بۆ پەیداكردن و دوعاكردنی ئەوكەسە بێ بۆ داواكەرەكە ئەوە دروستە ئەمما بەنیەتی جێگیركردنی ئەو ڕۆزیدانە بەو كەسە واتە ڕۆزیدان بەدەست ئەوكەسەیەو توانای بەسەرا هەیەو ئەو دروستی ئەكات ئەوە كوفرە بەزیندوویەتی و مردوویەتی.

ج ـ ﴿وَمَن يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴿١٣٥﴾﴾[18]، واتە: ئەوەی لە گوناهو تاوانان خۆش بێ تەنها خودایە جل جلا لە. سەیركەن بزانە عەمری كوڕی عاص ڕەزای خوای لێ بێ چ بە پێغەمبەر ئەڵێ صلى الله عليه وسلم: **(عن بن شماسة ان عمرو بن العاص قال لما ألقي الله عز و جل في قلبي الإسلام قال: أتيت النبي صلى الله عليه وسلم ليبايعني فبسط يده الي فقلت لا أبايعك يا رسول الله حتى تغفر لي ما تقدم من ذنبي قال فقال لي رسول الله صلى الله عليه و سلم يا عمرو أما علمت ان الهجرة تجب ما قبلها من الذنوب يا عمرو أما علمت ان الإسلام يجب ما كان قبله من الذنوب)**[19]، واتە: لە كوڕی شوماسەوە ئەویش لە عەمری كوڕی عاصەوە گێڕاویەتیەوە كەوا فەرمووی: لەو كاتەی خوای گەورە ئیسلامەتی

---

[18] سورة آل عمران: ٦٧

[19] ئیمامی ئەحمەد لە (مسند)(ب٣٦/ل١٧٨/ژ١٧١٠٩ ـ ١٧٨٦١) ڕیوایەتی كردووە. سەنەدەكەشی بەهێزە، لە موسلیم بە لەفزی (يغفر لی) هاتووە. هیچ كێشەیەك نیە.

هاوێشتە ناو دڵم هاتمە لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم تاوەکوو بەیعەتی بدەمێ، ئەویش دەستی درێژکرد بۆ لام، منیش گوتم: دەستم درێژ ناکەم هەتاوەکوو لە گوناهەکانی ڕابووردوو خۆش ئەبی، سەروەریشمان فەرمووی: ئەی عەمر ئایە نەتزانیوە کۆچ کردن گوناهەکانی پێشەخۆی ڕەش ئەکاتەوە ئەی عەمر ئایە نەتزانیوە ئیسلام بوون گوناهەکانی پێشە خۆی ڕەش ئەکاتەوە، سەیرکەن پێی ئەڵێ لێم خۆش بە، ئایە پێغەمبەری خوا صلی اللّٰه علیه وسلم توانای لێخۆشبوونی هەیە لە بری خوا؟ بێگومان نەخێر، ئەی باشە ئەو داوایەی کوفرە؟ ئەگەر بڵێن کوفرە ئەوە گەورەترین جەهلە، ئەی باشە چیە؟ ئێوەش ئەڵێن: واتە: ئەی پێغەمبەری خوا صلی اللّٰه علیه وسلم داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە تاوەکوو خوای گەورە لێم خۆش بێ، ئێمەش ئەڵێین: ئەی باشە ئێوە گوتتان: ئەو شتانەی کە مرۆڤ توانای بەسەردا ناشکێ لێی داوا بکرێ کوفرە، ئەمەتان لەچی تەئویلی ئێرەتان لەچی؟! ئەی باشە شتێك لە بنەڕەتدا کوفر نەبێ ئیتر چۆن دوای مردن ئەبێتە کوفر، خۆ ئەوەی دەچێتە خزمەت پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم وە پێی ئەڵێ لێم خۆش بەو هیدایەتمان بدەو یارمەتیمان بدەو ئەو نەخۆشەمان هەیە شیفای بۆ بێ یاخود منداڵمان نابێ خۆ ئەمانەش گشتی وەکوو وتەکەی عەمری کوڕی عاصە، هەمووی تەئویل ئەکرێ واتە دوعامان بۆ بکە تاوەکوو خوای گەورە لێمان خۆش ببێ و بەر شەفاعەتت بکەوین و خوای گەورە هیدایەتمان بدات و شیفامان بدات، دوعامان بۆ بکە منداڵێکمان ئەوەی ئەچێ دڵنیا بن هەر بەو نیەتە ئەچێ یەك موسڵمان نیە نیەتی وا بێ کەوا پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم بتوانێ ئەم شتانەت بۆ بکات مەگەر بە ئیزنی واحد أحد نەبێ کە رب العالمین، بۆیە مادەم بە حاڵی بێداری کوفر نەبێ و لە بابی شیرك نەبێ ئەوە لە دوای

مردنیش هەروایە، جا ئەو کەسەش کە پێی وابێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە بری خودا وەکوو خودایەك ئەم کارانە ئەکات و هەمووی بەدەست ئەوە بێگومان نەك هەر بە مردوویی بەڵکوو ئەو کەسە بە زیندوویش کافرەو پێغەمبەری خوای پەرستووە، هەر بۆیەش خۆشەویستمان ڕەخنەی لە عەمری کوڕی عاص نەگرت نەیگوت وەرە هەی کافر ئەوە چی دەڵێی ئەوەی تۆ دەیڵێی کوفرە نەخێر، ئەو ئەزانێ چۆن تەعامول لەگەڵ بەشەر ئەکات.

د ـ ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ ﴿١٨٦﴾﴾[20]، واتە: ئەگەر بەندەکانم پرسیاریان لێ کردی دەربارەی من ئەوە من نزیکم لێیانەوە، وە وەڵامی داواکاران ئەدەمەوە هەر کاتێ داوا بکەن. فەرموون سەیری ئەم فەرموودەیە بکەن: (**فعن أبي فراس ربيعة بن كعب الأسلمي خادم رسول الله ومن أهل الصُّفة قال: كنت أبيت مع رسول الله فآتيه بوضوئه وحاجته، فقال :سلني فقلت: أسألك مرافقتك في الجنة، فقال :أو غير ذلك؟ قلت: هو ذاك، قال :فأعني على نفسك بكثرة السجود**)[21]، واتە: لە ئەبو فیڕاس ڕەبیعەی کوڕی کەعبی ئەسلەمی خزمەتکاری پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم یەکێکە لەوانەی ئەهلی صوففە، جا لەوەوە گێڕدراوەتەوە کە گوتویەتی: لەگەڵ پێغەمبەری خوایا ئەمامەوەو ئاوم بۆ ئەهێنا بۆ دەست نوێژگرتن و پێداویستیەکانی، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: داوام لێ بکە، منیش گوتم: داوای هاوەڵایەتیت لێ ئەکەم لە بەهەشتێ لەگەڵ خۆت،

---

[20] سورة البقرة: ١٨٦

[21] موسلیم لە (صحيح المسلم) لە كتاب الصلاة، باب فضل السجود والحث عليه (ژ٤٨٩).

ئەویش فەرمووی: تەنها ئەمەو چی ترت ناویٚ؟ ئەویش گوتی: تەنها ئەمەم دەویٚ، سەروەریشمان فەرمووی: یارمەتیم بدە بە زۆر نویٚژکردن و خواپەرستیت. سەیرکەن خودا فەرمووی داوام لیٚ بکەن من نزیکم، پیٚغەمبەریش صلی الله علیه وسلم فەرمووی: داوام لیٚ بکە، ئەویش گوتی: داوای ڕەفیقایەتیت لیٚ ئەکەم. ئایە ئەم داوایەی کوفرە؟ بیٚگومان نەخیٚر، ئەی باشە پیٚغەمبەر صلی الله علیه وسلم توانای ئەوەی هەیە بە بەبیٚ ئیزنی خودا خەڵك بباتە بەهەشت، بیٚگومان نەخیٚر، ئەی باشە ئیٚوە گوتتان هەر شتیٚك داوا لە کەسیٚك بکریٚ کە توانای بەسەردا نەشکیٚ وەکوو هیدایەت و لیٚخۆش بوون و شیفاو چوونە بەهەشت غەیری ئەمانەش کە هەمووی لە ژیٚر دەسەڵاتی خوادان و ئەو خەڵقی ئەکات ئەگەر داوا لە مەخلوقیٚك بکریٚ ئەوە کوفرە، ئەی باشە بۆ لیٚرە ئەو دوو هاوەڵە بەڕیٚزەتان تەکفیر نەکرد کە دوو شتیان داوا کرد کە لە توانای پیٚغەمبەردا نیە؟! بۆ لیٚرە تەئویلتان کرد؟! کەوایە ئەو کەسەش کە لەدوای مردن ئەمە ئەکات هەر یەك حوکمەو هەمان تەئویلە، چونکە ئەگەر داواکردن لیٚی بە زیندوویی کوفر نەبیٚ چەندە گەمژەییە بگوتریٚ بە مردوویی کوفرە. واتای فەرموودەکەش وایە: ئەی پیٚغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم شەفاعەتم بۆبکەو دوعام بۆبکەو دەستمان بگرە بۆ بەهەشت. هەر کەسیٚکیش لە پاش مردنی ئەوە بکات هەمان ئەو تەئویلەیە. مەزنترین شەفاعەتکاریش رسول الله صلی الله علیه وسلم، وە فەرموودەی شەفاعەتی ڕۆژی قیامەت کە هاوار بۆ ئادەم ئەکەن تا لە کۆتایی هاوار بۆ پیٚغەمبەر ئەهیٚنن صلی الله علیه وسلم، وە گەورەترین گەمژەیش ئەوەیە بگوتریٚ بە زیندوویی توانایان بەسەردا ئەشکیٚ و بە مردوویی دەسەڵاتیان نیە، جاریٚ فەهمەکەتان چاك کەنەوە چونکە نەك بەمردوویی بەڵکوو بە زیندوویش

چیان بەدەست نیە، بەڵکوو هەمووی بە دەستی خودایە، بەس خودا ڕێز لە بەندەی خۆی ئەگرێ و وەڵامی نزاکانی ئەداتەوە.

ر- ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَـٰفِلُونَ ۝﴾[22]. واتە: کێ هەیە لەوە گومڕا تر کە هاوار بۆ بتەکان ئەکات لە غەیری خوا کەچی بە دەنگیەوە نایەت و وەڵامی ناداتەوە ئەگەر هەر لە ئێستاوە تا ڕۆژی قیامەت هاواری لێ بکا، چونکە هیچی پێ ناکرێ و دەسەڵاتی هیچی نیەو، ئەو بانگ و هاوار لێکراوانە تەنانەت لە بانگکردن و هاوارلێکردنەکەی ئەمانیش بێ ئاگان. ئیبن و کەپیر ئەفەرمووێ: "لەوە گومڕا تر نیە کە جگە لە غەیری خوا هاوار بۆ بتانێك بکات لە غەیری خواو داوای لێ بکات". تەفسیری جەلالەینیش دەقی ئایەتی (کێ لەوە گومڕاترە کە هاوار لە غەیری خوا ئەکات) بە پەرستن لێکی داواتە، واتە: کێ لەوە گومڕاترە کە غەیری خوا ئەپەرستێ و هاواری لێ ئەکات. ئیمامی شەوکانیش ئەفەرمووێ: "ئەو بتانەی کە بانگیان لێ ئەکرد ئەم بتانە لە بانگکردنەکانی ئەوان بێ ئاگان، چونکە نابیستن و عەقڵیان نیە لەبەرئەوەی بێ گیانن". تەبەڕیش ئەفەرمووێ: "کێ لەو بەندە گومڕاترە کە لە غەیری خوای گەورە خودایەکی تر ئەپەرستێ و هاواری لێ ئەکات لە کاتێکدا هەرگیز وەڵامی ناداتەوە تا ڕۆژی

[22] سورة الأحقاف: ٥

دوایی، ئەڵێ:: وەڵامی ناداتەوە هەرگیز، لەبەرئەوەی بەردە یان دارە یان وێنەی ئەوەشە"[٢٣].

ئیمامی بەیزاویش ئەفەرمووێ: "کێ لەوە گومڕاترە کە هاوار لە غەیری خوا ئەکات کە وەڵامی ناداتەوە، ئەمەش ئینکارە کەوا کێ لە موشریکەکان لەوە گومراترە بەجۆرێ وازیان لە پەرستنی خوای بیسەرو بینەرو بەتواناو بە ئاگا هێنا چوونە سەر پەرستنی ئەوانەی کەوا وەڵامیان نادەنەوە ئەمەش ئەگەر گوێی لە هاواریان بێ چ جای ئەوەی ئاگاداری نهێنی ئەو هاوارکەرانە بێ و موڕاعاتی بەرژەوەندیان بکات"[٢٤].

ئەوەی ئەو تاقمە توندڕەوانە ئەم ئایەتانەیان کردووەتە بەڵگەی خۆیان بۆ تەکفیری موسڵمانان ئەگەر بڵێین هاوارە ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەو پەڕی نەزانینە بە دەقی ئایەت و تەفسیری سەلەف و خەلەف، ئایەتەکان باسی کافرو موشریکەکان ئەکات کە بتەکانیان ئەپەرستن و ئەوانیش هاواری لێ ئەکەن، مرۆڤی موسڵمان چۆن بەراورد ئەکرێ لەگەڵ کافرێ گەر بڵێ هاوارە ئەی فلان؟! بێگومان هەرکەسێ غەیری خودا بپەرستێ ئەوە کافرە.

وە هەروەها ئایەتی ﴿وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾﴾[٢٥]. واتە: هەرکەسێ لەگەڵ

---

[٢٣] (تسفير الطبري)(ب٢٢/ل٩٥).

[٢٤] (تفسير البيضاوي)(ب٥/ل١١١).

[٢٥] سورة المؤمنون: ١١٧

خوایا هاوار له خوایه‌کی تر بکات که هیچ به‌ڵگه‌یه‌کی به‌ده‌سته‌وه نیه که‌وا ئه‌و خوایه به‌ڕاستی خوایه، جه‌زای ئه‌و که‌سه لای خۆیه‌تی و، به‌ڕاستی کافران ڕزگار نابن. ئیمامی به‌یزاوی ئه‌فه‌رمووێ: "ئه‌وکه‌سه‌ی که له‌گه‌ڵ خوایه هاوار له خوایه‌کی تر ئه‌کات که ئه‌یپه‌رستێ چ به جیا یاخود به هاوبه‌شی"[٢٦]. ئیبن و که‌پیر ئه‌فه‌رمووێ: "خوای گه‌وره به ڵێنیداوه ئه‌و که‌سه‌ی که‌وا هه‌ر که‌سێ هاوبه‌شی بۆ په‌یدا بکات، وه له‌گه‌ڵی غه‌یری ئه‌و بپه‌رستێ، وه هه‌واڵیشیداوه ئه‌وه‌ی هاوبه‌ش بۆ خوا په‌یدا بکات ئه‌وه هیچ به‌ڵگه‌یه‌کی به‌ده‌سته‌وه نیه"[٢٧]. ناتوانم بۆچوونی هه‌موو موفه‌سسیره‌کان بهێنم به‌ڵام هه‌موو له‌وه یه‌کده‌نگن ئه‌و هاوارکردنه په‌رستنه له‌گه‌ڵ خوایه یاخود به‌جیا، ئاخر ئه‌و په‌ڕی سته‌مه خودا باسی کافران و په‌رستنی خواکان بکات له غه‌یری خۆی تۆ بێی بیکه‌یته به‌ڵگه له‌سه‌ر موسڵمانێکی یه‌کتاپه‌رست که به‌ناوی ئه‌وه‌ی هاواری له غه‌یری خوا کردووه‌و گوتویه‌تی یا فلان، ئه‌وه‌ی ئه‌ڵێ یا فلان نه ئه‌یپه‌رستێ و وه نه به‌خواشی ئه‌زانێ، ئه‌وه ته‌فسیری سه‌قه‌تی ئێوه‌یه ئه‌و خه‌ڵکه‌تان کافر کردووه.

وه هه‌روه‌ها ئه‌فه‌رمووێ: ﴿وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾﴾[٢٨]. واته: وه‌حیشکراوه بۆم که‌وا مزگه‌وت هه‌ر بۆ خواپه‌رستی دروستکراوه، ده‌ی له مزگه‌وتا ناوی که‌س وه‌ك هاوبه‌شی خوا مه‌هێنن و عیباده‌تی مه‌که‌ن. ئیبن و که‌پیر ئه‌فه‌رمووێ: "خوای گه‌وره فه‌رمانی به به‌نده‌کان کردووه که‌وا به

[٢٦] (تفسير البيضاوي)(ب٤/ل٩٧).
[٢٧] (تفسير إبن كثير)(ب٥/ل٥٠٢).
[٢٨] سورة الجن: ١٨

تاکی بگرن له عیبادەتکردنی، وه هیچ کەسێك لەگەڵی بانگ نەکرێ و هاوبەشی بۆ پەیدا نەکرێ، هەروەکوو قەتادە فەرموویەتی: یەهودو نەصڕانیەکان کاتێ ئەچوونە کەنیسەو دێرەکانیان شیرکیان بۆ خوا پەیدا ئەکرد، بۆیە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر کرد صلی الله علیه وسلم بە تاکی بگرن بە تەنها. وە ئیبن و ئەبی حاتەمیش فەرموویەتی: عەلی کوڕی حوسێن بەسەنەدی خۆی لە ئیبن و عەبباسەوە گێڕاویەتیەوە کەوا فەرموویەتی: لەو ڕۆژەی کە ئەو ئایەتە دابەزی هیچ مزگەوتێك لەسەر ڕووی زەوی نەبوو جگە لە مزگەوتی حەڕام نەبێ (واتە: مەککە)، وە لەگەڵ مزگەوتی ئیلیا کە بەیتولمەقدیسە. وە ئەعمەشیش فەرموویەتی: جنەکان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئیزنمان بدە لەگەڵ ئێوە ئامادەی نوێژ بین لە مزگەوتەکەی تۆ، ئەوەبوو خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند کە ئەڵێ: نوێژ بکەن و تێکەڵی خەڵکی مەبەن. وە سوفیانیش لە عیکرەمەوە گێڕاویەتیەوە کەوا فەرموویەتی: ئەو ئایەتە بۆ هەموو مزگەوتەکان دابەزیوە. وە سەعیدی کوڕی جوبەیریش فەرموویەتی: ئەم ئایەتە دابەزیوە سەبارەت بەو ئەندامانەی کە سوجدە ئەبەن، واتە: ئەو ئەندامانەت سوجدەی پێ مەبە بۆ غەیری خودا جگە لە خوای گەورە نەبێ، وە لەگەڵ باسکردنی ئەو وتەیە ئەو فەرموودە صەحیحەشی باسکرد لە ڕیوایەتی عبد الله کوڕی تاوس لە باوکیەوە لە ئیبن و عەبباسەوە ڕەزای خوایان لێ بیچ کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: "فەرمانم پێ کراوە سوجدە ببەم لەسەر حەوت ئێسقانان ـ لەسەر نێو چەوان ـ بە دەستی ئاماژەی بۆ لوتیشی کرد ـ وە لەسەر دەستەکان و ئەژنۆکان و سەرە پەنجەکانی پێ"[٢٩]. سەیرکەن تەفسیری ئەوانە لە

[٢٩] (تفسیر إبن کثیر)(ب٨/ل٢٤٤).

کوێ و تەفسیری ئەو توندڕەوانە لە کوێ کە خەڵکی کافر ئەکەن بێ ئەوەی لە دەقی ئایەتەکەو تەفسیری ئایەتەکان تێبگەن.

وە هەروەها کۆتا ئایەتیش کە ئەوانەی بۆچوونانی دووەم بە کافر ئەزانن ئەو ئایەتەیە: ﴿فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلۡفُلۡكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ ٦٥﴾[٣٠]، سەرەتا لە پێشدا خوای گەورە باسی کافرو بێ باوەڕەکان ئەکات ئینجا ئەو ئایەتەی بەدواوە هێناوە کە ئەمەش ماناکەیەتی: کاتێ کە سواری کەشتی ئەبن و ترسی نقوم بوون لە دەریادا دایان ئەگرێ، ئەکەونە پاڕانەوە لە خواو ئاینیان خاوێن ئەکەنەوە لەوە کە کەس بکەن بە هاوبەشی خواو، بە تەنها لە خۆی ئەپاڕێنەوە. پاشان کە خوایش ڕزگاری کردن و گەیاندنیە وشکانی کتوپڕ دەست ئەکەنەوە بە هاوبەشدان بۆ خودا. ئیبن و کەپیر ئەفەرمووێ: "ئینجا خوای گەورە هەواڵی موشریکەکانی داوە بەوە کەوا لە کاتی ناخۆشی بەتەنیا بانگ لەو ئەکەن و هاوبەشی بۆ پەیدا ناکەن، جا خۆزگە ئەمەیان بە بەردەوامی هەبایە، ئینجا بەسەرهاتی عیکرمەی کوڕی ئەبو جەهلیش ئەگێڕێتەوە کەوا لە فەتحی مەککە چۆن ڕایکردو چووە ناو کەشتی، کە خەریك لەناو بچن و لە ناو کەشتیەکە تەوبەی کرد وەعدی بەخودا دا کە بچێتەوە مەککەو بەیعەت بە سەروەرمان بدات هەرواش دەرچوو"[٣١]. سەیرکەن ئەسڵەن بابەتەکە باسی موشریك و بێ باوەڕەکانە نەك ئینسانێکی ئیمانداری یەکتاپەرست. هەموو ئایەتەکان و وێنەی ئەمانەش تەئکید لە پەرستنی غەیری

[٣٠] سورة العنكبوت: ٦٥

[٣١] (تفسير إبن كثير)(ب٦/ل٢٩٥).

خودا کراوه ئەمەش بەخودا زانراوه بۆیه پەرستشیان بۆ کردووه، ئیتر ئەمه چۆن لەگەڵ موسڵمانێکی دەست بەنوێژو دەم بەزیکرو بیر به فیکرو بۆ خوا صوڵحاو خزمەتکاری دین بەراورد ئەکرێ بەوەی ئەگەر بڵێتن هاواره ئەی پێغەمبەری خوا یاخود یارمەتیم بده ئەی فلاّن کەس له پیاوچاکان؟! زۆر جیاوازه

جا ئەگەر داواکردن و هاوارکردن له غەیری خوای گەوره به مانای کەسب و به دەستهێنان کوفربایه ئەوه پێغەمبەری نازداریشمان لێدوانی لەبارەوه نه ئەدا: عن ابن عباس رضي الله عنهما قال: أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: (إن لله عز و جل ملائكة سوى الحفظة يكتبون ما يسقط من ورق الشجر فإذا أصاب أحدكم عرجة بأرض فلاة فليناد أعينوا عباد الله يرحمكم الله تعالى)[٣٢].

واته: له ئیبن و عەباسەوه ڕیوایەتکراوه کەوا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەفەرمووێت: "خوای گەوره چەند فریشتەیەکی هەیه جگه لەو فریشتانەی که کاروکردەوەی مرۆڤەکان ئەنووسن ئەوانه هەر گەڵایەك له دار بەربێتەوه ئەینوسن، جا ئەگەر کەسێك له ئێوه له زەویەکی دەشتاییدا وەستاو ڕێی لێ ونبوو، با هاوار بکات بەندەکانی خوا ڕەحمەتی خواتان لێ بێ یارمەتیم بدەن. ئەم فەر موودەیه ئەمانه ڕیوایەتیان کردووه:

[٣٢] بەززار له (مسند البزار)(ب١١/ل١٨١/ژ٤٩٢٢). له ڕێگەی موسای کوڕی ئیسحاقەوه. وه بەیهەقی له (شعب الإيمان)(ب١/ل١٨٣/ژ١٦٧) له ڕێگەی ئوسامەی کوڕی زەیدی لە ئەبانەوه. ڕیوایەتیان کردووه. جا بەززار ئەفەرمووێ: "ئێمه نازانین ئەم قسەیه له پێغەمبەرەوه ڕیوایەت کرابێ ئیللا بەو ڕێگایەو بەو سەنەدەوه نەبێ. هەیثەمی ئەفەرمووێ: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی متمانه پێکراون". واته: فەرموودەکه صەحیحه.

وه هەروەها ئەم فەرموودەیەش هاتووە: (**عن عتبة بن غزوان عن نبِي الله صلى الله عليه وسلم قال: إذا أضل أحدكم شيئاً أو أراد عوناً وهو بأرض ليس بها أنيس فليقل: يا عباد الله أغيثوني فإن لله عباداً لا نراهم**). **وقد جُرِّبَ ذلك**[٣٣].واتە: لە عوتبەی کوڕی غەزوانەوە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم گێڕاویەتەوە کەوا ئەفەرمووێ: "ئەگەر کەسێ لە ئێوە شتێکی ون کرد یاخود داوای کۆمەکیەکی کرد لە کاتێکدا هیچ کەسێکی تیا نەبوو بۆ ئەوەی یارمەتی بدات و دڵی پێیەوە خۆش بێ با بڵێ: "ئەی بەندەکانی خوا بێنە هاوارم و یامەتیم دەن"، چونکە خوای گەورە کۆمەڵە بەندەیەکی هەیە ئێمە نایان بینین. جا لە دوای ڕیوایەتەکە ئەم دەستەواژەش هاتووە: "ئەمە تاقی کراوەتەوە" ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "وتەکە هی کێیە نازانم تا دیاری بکەم، بەڵام ڕەنگە هی دانەر بێ واتە: تەبەڕانی"، واتە: سەدا سەد ڕاستەو خەڵکی ئەمەیان تاقی کردووەتەوە، ئەمە یان شایەتیدانی تەبەڕانیە کە حافیزی هەموو دونیا بوو، یانیش ئەوەی کە ڕیوایەتەکەی کردووە والله أعلم. بەس ئەو دەستەواژەیە (**وقد جُرِّبَ ذلك**) لەگەڵ فەرموودەکە هاتووە ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکەی، کەوایە ئەوانەی لەسەر ئەو جۆرە شتانە خەڵك کافر دەکەن با پێش هەموو شتێك ئیمامی تەبەڕانی یاخود ئەو ڕاویە یاخود هەردووکیان کافر بکەن چونکە ئەمانە سەرچاوەی گێڕەرەوەی ڕیوایەتەکان و بەڕاستزانینی بابەتەکان بوونە، وه هەروەها ئیبن و حەجەرو مەنناوی و نەوەوی هەزاران زانای تری وەك ئەمانە با کافر بکەن

---

[٣٣] جا هەیثەمی ئەفەرمووێ: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی متمانە پێکراون لەسەر ئەوەش لە هەندێکیان زەعیفی هەیە". وە مەنناویش ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی پچڕانی تێدایە". واتە: ئەو فەرموودەیە زەعیفە.

کە کاتێ هاتوونەتە سەر ئەو فەرموودەیە کۆمێنتیان لەسەر ئەوە نەبووە کە لەفزی فەرموودەکە شیرك و کوفری تێدایە بەڵکوو تەنیا لەسەر ڕوونکردنەوەو پیاوەکانی فەرموودەکە قسەیان کردووە، جا ئەوانەی کە ئەڵێن ئەو جۆرە ئیستیغاسەو هاوارکردن و داواکردنە کوفرو شیرکە پێیمان سەیرە ئەو ئیلهامەیان لە کوێوە بۆهات کە ئەو جۆرە شتانە کوفرە، ئیمامی مەنناوی لە ئیمامی نەوەویەوە نەقلێ ئەکات کە ئەفەرمووێ: "هەندێ لە شێخە گەورەکانمان لە زانستدا بۆی باس کردم کەوا چوارپێیەکی لێ بەڕەڵا بوو، وا گومان دەبەم هێسترێك بوو، جا ئەم فەرموودەی گوتبوو (واتە: لەفزەکانی ئەو فەرموودەی سەرەوەی گوتبوو) ئەوەبوو خوای گەورە هێسترەکەی یەکسەر بۆ ڕاگرتبوو، وە ئەفەرمووێ: ڕۆژێکیان من و کۆمەڵە خەڵکێك دەبووین، ولاغێك بەڕەڵا بوو لە ژێر دەستی خاوەنەکەی دەرچوو، وە بێ دەسەڵاتیش بوون لەوەی بیگرنەوە، منیش ئەو حەدیسەم گوت یەکسەر وەستا بەبێ هیچ هۆکارێك جگە لەو گوتنە نەبێ". وە هەروەها ئیبن و سونی گێڕاویەتەوە لە سەیدو ڕێزدار کە یەکدەنگن لەسەر زوهدو لە خواترسی ئەو کە یونسی کوڕی عوبەیدی تابیعی بەناوبانگە ئەفەرمووێ: "هیچ پیاوێك نیە ئەگەر بێت و لەسەر چوارپێیەکی سەخت بێ و لە بن گوێی بڵێتن: ﴿أَفَغَيْرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُۥٓ أَسْلَمَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾﴾ ئیللا ڕائەوەستێ بە ویستی خوا. ئیمامی قوشەیریش ئەفەرمووێ: "جەعفەری خولدی سەرە ئەنگوستیلەیەك یاخود بەردێکی ئەنگوستیلەکەی لێ کەوتە ڕووباری دیجلەوە، جا دوعایەکی تاقیکراوەی لە لا بوو بۆ شتی ونبوو کە ئەیگەڕاندەوە، ئەوەبوو دوعای کردو لە نێو هەندێ گەڵایا

دۆزیەوە، دوعاکەش ئەوەیە: (**اللهم یا جامع الناس لیوم لا ریب فیه إجمع عليَّ ضالتي**)، واتە: خودایە ئەی کۆکەرەوەی خەڵکان بۆ ڕۆژێك کە هیچ گومانی تێدا نیە، ونبووەکەم بۆ کۆکەرەوە. جا ئیمامی نەوەوی لە کتێبی (بستان العارفين)ـدا ئەفەرمووێ: "تاقیم کردووەتەوەو سوودم لێ بینی بۆ دۆزینەوەی شتی ونبوو لە نزیك"[٣٤].

وە هەروەها ئەو ڕیوایەتەش هاتووە. (**وعن عبد الله بن مسعود أنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: إذا انفلتت دابة أحدكم بأرض فلاة فليناد: يا عباد الله احبسوا، يا عباد الله احبسوا، فإن لله حاضراً في الأرض سيحبسه**)[٣٥]، واتە: لە عبد الله کوڕی مەسعودەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەفەرمووێ: "ئەگەر کەسێ لە ئێوە چوارپێیەکی لە دەشت و چۆڵەوانیەك لێ بەرەڵا بوو با هاوار بکات: ئەی بەندەکانی خوا بیگرن، ئەی بەندەکانی خوا بیگرن، چونکە خوای گەورە کۆمەڵە بەندەیەکی لەو دەشتەدا هەن بۆی ئەگرن.

---

[٣٤] بڕوانە: (فيض القدير)(ب١/ل ٣٠٧/ژ٥٠١).

[٣٥] هەیثەمی ئەفەرمووێ: "ئەبو یەعلاو تەبەڕانی ڕیوایەتیان کردووە، وە هی تەبەڕانی ئەو زیادەیەش هەیە (**سيحبسه عليكم**)، واتە: بۆتان ئەگرنەوە. جا لەسەنەدەکەیدا مەعڕوفی کوڕی حەسسانی تێدایە کە زەعیفە". سیوتی لەسەر ئەم ڕیوایەتە بێ دەنگە، مەنناویش لە حافیزی ئیبن و حەجەرەوە نەقڵ ئەکات کە ئەفەرمووێ: "فەرموودەیەکی غەریبە، وە گوتویانە: مەعڕوف فەرموودەی مونکەرە، وە تاکیشە لە ڕیوایەتەکە، وە پچڕانیش هەیە لە نێوان ئەبو بورەیدەو ئیبن و مەسعود". فەرموودەکە زەعیفە.

وه پێغەمبەری خودا صلى الله عليەو وسلم ئەم دوعایەی کردووە بۆ شتی ون بوو: **وعن ابن عمر عن النبي صلى الله عليه وسلم في الضالة أنه يقول: "اللهم راد الضالة وهادي الضالة، تهدي من الضلالة، اردد علي ضالتي بقدرتك وسلطانك، فإنها من عطائك وفضلك"**[٣٦]. واتە: لە عبد الله کوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێ بێ) گێڕدراوەتەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە لەکاتی ونکردندا ئەیفەرموو: **"**پەروەردگارمان، بگێڕەوەی ونبوو و ڕێنموویکەری ونبوو، ڕێنموویی ونبوو ئەکەی، بە هێزو دەسەڵاتی خۆت ونبووەکەم بگەڕێنەوە، چونکە ونبووەکەم لە بەخشین و میهرەبانی خۆتە.

خۆشەویستان: ئەزانن ناونیشانی ئەو فەرموودانە چین کە لە کتێبی ئیبن و حەجەری هەیثەمیا نەقڵم کردوون: (**باب ما يقول إذا انفلتت دابته أو أراد غوثاً أو أضل شيئاً**) واتە: بابەت ئەوەی کە دەگوترێ کاتێ چوارپێیەکی ون دەبێ یاخود داوای کۆمەکیەك ئەکات یاخود شتێکی لێ ون ئەبێ. ئەمە ناونیشانی کتێبەکەی حافیزی ئیبن و حەجەری هەیثەمیە. ئەم واقیعەیە هیچ پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە نیە تا خەڵکی لەسەر کافر بکرێ. عبد الله کوڕی ئیمامی ئەحمەد ئەفەرمووێ: گوێم لە باوکم بوو ئەیگوت: پێنچ حەجم کردووە، دووانیان بە سواری، واتە: بەحوشترێك یاخود چوارپێیەك، وە سیانیشیان بە پێ یاخود دووانیان بە پێ و سیانیشیان بە سواری، جا لە حەجێکیان ڕێگام ونکرد، وە بە پێیانیش ئەڕۆیشتم و ئەمگوت: ئەی بەندەکانی خوا ڕێگام نیشان بدەن، بەردەوام ئەمگوت

---

[٣٦] هەیثەمی ئەفەرمووێ: "تەبەڕانی لە (الثلاثة) ڕیوایەتی کردووە، جا عبد الرحمن کوڕی أبی عوببادی مەککی تێدایە نایناسم، وە باقی پیاوەکانی تری متمانە پێکراون". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠/ل١٣٢). (فيض القدير)(ب١/ل ٣٠٧/ژ٥٠١).

هەتاوەکوو لەسەر ڕێگا وەستام، واتە: بەردەوام ئەیگووت هەتاوەکوو گەییە سەر ڕێگا"[37].

وە لە ڕیوایەتی ئیبن و عامیرو زەیدەوە هاتووە کەوا دروشمی موسڵمانەکان لە جەنگی یەمامە (یامحمداه) یاء پیتی نیدایە واتە هاوارکردن، ئەمەش بە مانای هاوارکردنی هاوەڵان دێ بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەو جەنگەکەدا[38].

وە هەروەها ئەو بەسەرهاتەش کە (لە ئەبی سەعیدەوە گێڕدراوەتەوە کە ئەفەرمووێ: "لەگەڵ ئیبن و عومەر ئەڕۆیشتم، ئەوەبوو پێی تەشەننوجی کردو دانیشت، ئەبو سەعیدیش پێی گوت: یادی خۆشەویسترین کەس بکە، ئیبن و عومەریش فەرمووی: یا محمداه، هاواری بۆ پێغەمبەری خوا کرد صلی الله علیه وسلم، ئەوەبوو هەڵساوەو دەستی بەڕۆیشتن کردەوە"[39]. مەلا عەلی قاری

---

[37] بڕوانە: (مسائل الإمام أحمد رواية إبنه عبد الله)(ل٢٤٥). وە (تاريخ دمش لابن عساكر)(ب٥/ل٢٩٨).

[38] کتێبی (بداية والنهاية)(ب٩/ل٤٦٩)، وە (تأريخ الطبري)(ب٣/ل٢٩٣)، وە (الكامل في التأريخ)(ب٢/ل٣٢١- ب٥/ل١١٤ باب خروج سنباذ)

[39] ئەو ئەسەرە ئەمانە ڕیوایەتیان کردووە: بوخاری لە (أدب المفرد)(ژ٩٦٧)، وە ئیبن و سوننی لە (عمل اليوم والليله)(ژ١٦٨). بۆ زانیاریتان ئیبن و تەیمیە لە کتێبی (الكلم الطيب)(فصل ٥٧ ـ فصل في الرجل إذا خدرت) ئەو ناونیشانەی بۆداناوە: بەندی پێ ئەگەر بێت و تەشەننوجی کرد. جا نەخۆی و نە ئیبن و لقەیمیش تەعلیقیان لەسەر ئەوە نەداوە کە ئەو جۆرە بابەتانە شیرك و کوفرە ئەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ کتێبی (وابل الصيب)(ل٣٦٥) هی ئیبنولقەیمی. جا ئەگەر کوفر بێ چۆن ئەیکاتە فەصلی کتێبێکی خۆی، بۆیە هەر کەسێك بڵێتن ئەمە کوفرە ئەوەی ئیبن و عومەر کردوویەتی ئەوە لە جەهلی موڕەککەبدایە. وە

ئەفەرمووێ: "یەك بەدەنگی خۆی هاواری کرد (یا محمداه) وەك بڵێی ڕەزای خوای لێ بێ مەبەستی دەرخستنی خۆشەویستی بووە لە زمنی ئیستیغاثەکەیا واتە: داوای کۆمەکی کردنەکەیا"[٤٠]. مەلا عەلی قاریش ئەمەی چ پێ کوفر نەبووە.

وە هەروەها ئەو ئەسەرەش هاتووە: (لە عاصمی کوڕی ئیمامی عومەرەوە گێڕدراوەتەوە کەوا لەساڵی ڕەمل و خۆڵاویەکە (ئەمە ساڵێکی گرانی بوو لە خیلافەتی گەورەمان عومەر (ڕەزای خوای لێ بێ) لە ساڵی حەڤدەی کۆچی بۆ هەژدەی کۆچی بەردەوام بوو) پیاوێك هەبوو کەس و کارەکەی داوای سەربڕینی مەڕێکیان لێ کرد، ئەویش گوتی: شتێکی وای تێدا نیە (واتە: بۆتان سەرببڕم)، ئەوەبوو زۆر پێداگریان کرد، ئەویش مەڕێکی بۆ سەربڕین و سەیریکرد ئێسکەکانی مەڕەکە سوور داهەڵگەڕاون، ئەویش لەتاوا هاواری کرد(یا محمداه)[٤١].

وە هەروەها ئەم ڕیوایەتەش هاتووە:

**أخرج ابن ابي شيبة في المصنف من طريق ابي معاوية عن الأعمش عن أبي صالح السمان(ذكوان)عن مالك الدار مولى عمر بن خطاب(رضي الله**

---

هەرەوەها ئیبن و سەعد لە (الطبقات)(ب٤/ل١٥٤)، وە ئیبن و جەعد لە (مسند)(ژ٢٥٣٩)، وە ئیبن و عەساکیریش لە (تاريخ دمشق)(ب٣١/ل١٧٧) ڕیوایەتیان کردووە، وە حافیزی سەخاویش بە زەعیفی دانەناوە، بەڵکوو پشتگیریشی کردووە، بە هەمان شێوەش حافیزی میززیش لە (تهذيب الكمال)(ب١٧/ل١٤٢) ستایشی ئەو بەسەرهاتەی کردووە بەوەی کەوا ڕیوایەتەکەی عالی و بەرزە، وە ئیبن ولجەزەریش لە (حصن الحصين)، وە نەوەویش لە (أذكار)، وە شەوکانی لە (تحفة الذاكرين)(ل٢٦٦) کەسیان بە زەعیفیان دانەناوە.

[٤٠] بڕوانە: (شرح الشفا للقاضي عياض)(ب٢/ل٤٣) طبعة دار الكتب العلمية.

[٤١] بڕوانە: (بداية والنهاية)(ب٧/ل٩١) طبعة مكتبة المعارف.

**عنه)قال:(أَصَابَ النّاسُ قَحطُ في زَمَن عُمَر بن خَطَاب رَضِيَ اللّهُ عَنهُ، فَجاءَ رَجُلُ إلى قَبر النَبِي صلى الله عليه وسلم فَقَال: يا رسَول الله استسق الله لأمتك فإنهم قد هلكوا، فأتي رجل في المنام فقيل له: ائت عمر، فاقرئه السلام، وقل له: انكم مسقون، فعليك بالكيس، الكيس، فأتى الرجل عمر، فاخبره، فبكي عمر، وقال: يا ربي ما ءالو الا ما عجزت عنه)** واته: له زەمەنی ئیمامی عومەردا ڕەزای خوای لیّ بیّ بیّ بارانی و قات و قڕی ڕووی لەو خەڵکە کردبوو، پیاوێکیش هاتە لای گڕی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم داوای باران بارین بکە بۆ ئوممەتەکەت چونکە بە هیلاك چوون، ئینجا پێغەمبەریش هاتە خەونی ئەم پیاوەو فەرمووی: بڕۆ لای عومەرو سەلامی لیّ بکەو پێی بڵێ: با زیرەك و هۆشیار بیّ بۆ کاروباری موسڵمانان، کابراش هاتە لای ئیمامی عومەرو ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، ئیمامی عومەریش دەستی بە گریان گردو فەرمووی: کەمتەرخەمی ناکەم لە کاروباری موسڵمانان مەگەر شتێك لە توانامدا نەبیّ.

ئەم فەرموودەیە ئەم زانایانە ڕیوایەتیان کردووە

١ـ ئیمامی بوخاری لە (تاريخ الكبير)(باب مالك ـ (ب٧/ل٣٠٤).

٢ـ ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف إبن أبى شيبه)(ب٦/ل٣٨٦).

٣ـ بەیهەقی لە (الدلائل النبوه)(ب٣/ل٣٨٣).

٤ـ عبد الرزاق لە (مصنف عبد الرزاق).

٥ـ ئیبن و عبد البر لە (الإستيعاب)(ب٢/ل٤٦٤).

٦ـ ئیبن و عەساکیر لە (تاریخ دمشق).

وا دیارە شێخ ئیبن بازو ئەلبانی ئەو فەرموودەیان بە زەعیف داناوەو چەند گومانێکیان داناوە چونکە پێیان هەزم نەکراوەو هەتا ئیبن باز کردەوەی ئەو هاوەڵەی کە ئەوەی کردووە کە بیلالی کوڕی حاریسی موزەنیە بە شیرك داناوە ئەوە کارەساتە با وەڵامیان دەینەوە.

گومانی یەکەم:

ئیبن باز ئەڵێ: مالیکی دار کە ڕاوی ئەم فەرموودەو ڕووداوە مەجهولە و حاڵی نەزاندراوە، وە ئەلبانیش ئەڵێ: مالیکی دار زەبت و عەدالەتی نەبووە، واتە: لە ڕووی حیفزەوە باش نەبووەو تەعدیلیش نەکراوە.

وەڵام:

شێخمان ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "مالیکی کوڕی عیاز مەولای ئیمامی عومەر بووەو پێیان وتووە مالیکی داڕ، کەسێکی زیرەك و وریا بووەو گوێشی لە ئیمامی ئەبو بەکری صدیق بووەو فەرموودەی لە ئیمامی ئەبو بەکرو ئیمامی عومەرو موعازو ئەبو عوبەیدە گێڕاوەتەوە ڕازای خوای لێ بێ، وە ئەبو صاڵحی سەممان و کوڕەکانی خۆی کە ناویان عەون و عبد الله بووە فەرموودەیان لێ گێڕاوەتەوە لە (تاریخ الكبير)[٤٢].

[٤٢] بڕوانە: (الإصابة في تميز الصحابة)(ب٦/ل٢٧٤) الميم بعدها الألف.

هەروەها ئیبن و حیببان باسی کردووەو بە کەسێکی بەهێزیشی داناوەو دەربارەی فەرموویەتی: "مالیکی کوڕی عیازی دارەو لە تابیعیەکانەو خەڵکی جبلانە، فەرموودەی ڕیوایەت کردووە لە ئیمامی عومەرو ئەبو بەکر، وە ئەبو صاڵحی سەممانیش لەوەوە ڕیوایەتی ئەکرد، مالیکی دار مەولای عومەرە"[٤٣].

وە هەروەها ئیبن و عەساکیر ئەفەرمووێ: مالیکی کوڕی عیازە ناسراو بە مالیکی داری مەدینەیی ئەوە مەولای عومەری کوڕی خەتتابە"[٤٤].

ئیمامی ئیبن و خەییات ئەفەرمووێ: "کەسێکی باوەڕپێکراوە". بڕوانە: (الطبقات)(ب١/ل٢٣٥).

وە هەروەها ئیبن و سەعد کە لە جیلی یەکەمی تابیعیەکانی مەدینەیە ئەفەرمووێ: "مالیکی دارِ مەولای عومەر لە ئەبو بەکرو عومەرەوە گێڕاویەتیەوە، وە ئەبو صاڵحی سەممانیش لەوەوە گێڕاویەتیەوە، وە مالیکی دارِ کەسێکی مەعروف و ناسراو بووە، ئەبو عوبەیدە ئەفەرمووێ: عومەر کردیە سەرپەرشتیکاری کێشانەو پێوانەی خانەوادەی عومەر، جا کاتێ ئیمامی عوسمان بووە خەلیفە کردیە سەرپەشتیکاری کێشانەو پێوانەی خەڵکی"[٤٥].

---

[٤٣] بڕوانە: (الثقات لإبن حبان)(ب٥/ل٣٨٤). (التقریب الیقات)(ل١٠٢٥/ژ١١٩٢٥).

[٤٤] بڕوانە: (تاریخ الدمشق)(ب٥٦/ل٤٨٩) حرف المیم ٧١٨٠.

[٤٥] بڕوانە: (الطبقات لإبن سعد)(ب٥/ل١٢). (مجموعة رسائل حسن علي سقاف)(ل١٥٧). (الإصابة)(ب٦/ل٢٧٤).

وه حافیزی خەلیلیش ئەفەرمووێ: تابیعیەکی قەدیمەو زانایان کۆکن لەسەری و تابیعیەکان مەدح و سەنایان کردووە". بڕوانە: (الّرشاد)(ب١/ل٣١٣).

وه هەروەها ئیبن و مەدینی ئەفەرمووێ: مالیکی دارِ بەرپرسی بەیتولمال بووە لە زەمانی ئیمامی عومەردا ڕەزای خوایان لێ بێ". جا ئەگەر کەسێك عەدالەتی نەبووبێ چۆن دەکرێتە بەرپرسی بەیتولمال؟!

وه ئەگەر وتەکانی ئیمامی هەیثەمی و مونذری و ئیبن و ئەبی حاتەم بکەنە بەڵگە کە دەربارەی مالیکی دارِ فەرموویانە: (لم أعرفه)[٤٦] واتە: نایناسم، ئەمە بۆ بەڵگە ناشێ چونکە ئەو خۆی نەیناسیوەو ئاگاداری نەبووە، لە کاتێکدا زانایانی تر کە لەسەرەوە هێنامان پێناسەی مالیکی دارِیان کرد، جا ئەو نەناسینەی ئەوان بەڵگە نیە، چونکە ڕەنگە کەسێکی تر بەو ناسینە گەیشتبێ هەروەك باسیمان کرد، وه ئەوەش بزانە لە زانستی فەرمووده‌دا یاسایەك هەیە کە ئەڵێ: (من حفظ حجة على من لم يحفظ، والأثبات مقدم على النفي) واتە: ئەو کەسەی کە شتێکی لەبەرکردووە قسەی پێش دەخرێ و وەرئەگیرێ لەبەرامبەر ئەو کەسەی کە لەبەری نەکردووەو ئاگاداری نەبووە. وه هەروەها قسەی کەسێك پێش ئەخرێ کە دەڵێ: فلان شت بوونی هەیە نەك کەسێ کە دەڵێ بوونی نیە.

کەوابێ وتەی ئەوانەی کە ئەیناسن و شایەتی ئەحواڵیان داوە پێش ئەخرێ بەسەر ئەو کەسانەی کە بە ناسینی ئەو کەسە نەگەیشتوون. لەوەوە گومانی قسەکەی شێخ بن بازو ئەلبانیمان دایەوە.

---

[٤٦] بڕوانة: (حياة الصحابة)(ب٣/ل٧٦).

گومانی دووەم:

ئەڵێن: لە ئەلقەی سێیەمی سەنەدی ئەم ڕیوایەتە کەسێکی تێدایە بە ناوی ئەعمەش کە ناوی سلێمانی کوڕ میهڕانی کوفیە، ناسراوە بە مودەلیس و ئەمەش فەرموودەیەکی موعەنعەنەو بەشێکە لە تەدلیسەکانی ئەعمەش، وە فەرموودەی موعەنعەنیش بەشێکە لە فەرموودەی زەعیف.

وەڵام: ئەم گومانە زۆر باتڵە چونکە هەموو مودەلیسێك زەعیف نیەو هەموو حەدیسێکی موعەنعەنیش زەعیف نیە، گەر هەموو مودەللیس و موعەنعەنێك بە زەعیف دابنێین ئەوە دەیان فەرموودە هەیە لە صەحیحی بوخاری و موسلیم کە دەبێ زەعیفیان بکەین، ئەمەش لە کاتێکدا هەموو زانایانی ئیسلام یەکدەنگن کە هیچ فەرموودەیەکی زەعیف لەو دوو کتێبەدا نیەو لە پاش قورئانیش ئەو دوو کتێبە گرینگترین سەرچاوەن.

محمد جەمیل حەلیم حوسێنی دەربارەی کەسێ کە هەموو مودەللیسێك و موعەنعەنێك بە زەعیف دادەنێ ئەڵێ: "دەرگا کردنەوەیە بۆ زەعیف کردنی دەیان فەرموودەی صەحیح لە بوخاری"[47]. با چەند فەرموودەیەك بهێنینەوە لە صەحیحی بوخاری کە ئەعمەشی تێدایە:

**١ـ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ يُوسُفَ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنْ الْأَعْمَشِ، عَنْ أَبِي وَائِلٍ، عَنْ حُذَيْفَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ...(صحيح البخاري الجهاد والسير كتابة الامام الناس برقم:٢٨٤٨).**

[47] بڕوانە: (إضاءة المنارة على صحة أو حسن أحاديث الزيارة)(ل٣٥).

**٢ـ حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ حَرْبٍ، قَالَ : حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ أَبِي وَائِلٍ، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ...﴿صحيح البخاري/كتاب الجمعة/باب طول القيام في صلاء الليل/برقم:١٠٧٣﴾.**

**٣ـ حَدَّثَنِي مُحَمَّدُ بْنُ كَثِيرٍ، أَخْبَرَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، عَنْ عَلْقَمَةَ...﴿صحيح البخاري/كتاب فضائل القرأن باب القراء من اصحاب النبي/برقم:٤٦٤٢﴾.**

**٤ـ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ يُوسُفَ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ عُمَارَةَ، عَنْ أَبِي عَطِيَّةَ، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا...﴿صحيح البخاري/كتاب الحج باب التلبية/برقم:١٤٥٥﴾.**

وەکوو بینیتان کە ئەعمەش سلێمانی کوڕی میهڕانە لە صەحیحی بوخاریشدا فەرموودەی موعەنعەنی لێ گێڕدراوەتەوە، کەوابێ هەرکەسێ ئەو ئەسەرەی بە زەعیف دابنێ بەهۆی ئەعمەشەوە یاخود موعەنعەنەوە وەکوو ئەوەیە بڵێتن: لە صەحیح بوخاریدا دەیان فەرموودەی زەعیف هەیە". کە ئەمەش مەحاڵە.

لێرەدا ڕەنگە بپرسن بڵێن: ئەی باشە لە چ کاتێکدا فەرموودەی موعەنعەن زەعیف ئەبێت؟

وەڵام: لە کاتێکدا زەعیف ئەبێ کە دڵنیا نەبیتەوە لەوەی کە ئەم فەرموودەیە هیچ کەسێك لە سەنەدەکەیدا نەقرتێنراوە چونکە گەر دڵنیا بووینەوە کە فەرموودەکە هەموو ڕاویەکانی گوێیان لە یەك بووە ئەوە فەرموودەکە صەحیح ئەبێت وەکوو لەو نموونانەی سەرەوە دامانا هەموو ڕاویەکانیان گوێیان لە یەکتر

بووە بۆیە هەموویان بەهێزن و لە صەحیحی بوخاریشدا هاتوون، هەر دەربارەی ئەمەش سەید محمد عەلەوی مالیکی ئەفەرمووێ: "ڕاویەکی مودەللیسی باوەڕپێکراو هەواڵەکەی لێ قەبوڵ ناکرێت مەگەر ئیللا دڵنیابین کە گوێی لە ڕاویەکەی پێش خۆیەوە بووە، جا ئەگەر دڵنیابووین ئەوە هەواڵەکەی صەحیحەو وەرئەگیرێ"[٤٨].

ئەمەش ئەڵقەی سەنەدی فەرموودەی تەوەسوولەکەی سەرەوەیە (عن الأعمش (سليمان بن مهران) عن أبي صالح السمان (ذكوان) عن مالك الدار.

ڕەنگە گومانکەرێك دووبارە بپرسێت کە ئایە بەڵگەتان چیە کە ئەعمەش گوێی لە ئەبو صالح سەمان بووە؟

وەڵام: بەڵێ دڵنیاین کە هیچ پچڕێنراوێك نیەو گوێی لە ڕاویەکەی پێش خۆی بووە چونکە بە هەمان سەنەدئیمامی بوخاری و موسلیم و ئەحمەد و ترمڤی و ئەبو داود و نەسائی و ئیبن و ماجە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، کەوابێ لەسەر شەرتی ئەوانە ئەم سەنەدەو صەحیحە، لێرەش هەموو سەنەدەکانیان دائەنێین تاوەکوو لە ڕاستگۆیی بەحسی ئێمە دڵنیابی.

**١ـ صحيح البخاري:(حَدَّثَنَا آدَمُ بْنُ أَبِي إِيَاسٍ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ عَنْ الْأَعْمَشِ قَالَ سَمِعْتُ ابي صالح ذَكْوَانَ يُحَدِّثُ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ)...﴿كتاب مناقب/باب قول النبي لو كنت متخذا خليلا/٣٤٢٠﴾.**

[٤٨] بڕوانە: (مفاهيم يجب أن تصحح).

٢ـ صحيح المسلم: (حَدَّثَنَا يَحْيَي بْنُ يَحْيَي التَّمِيمِيُّ ،وَأَبُو بَكْرِ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ ، وَمُحَمَّدُ بْنُ الْعَلَاءِ ،قَالَ يَحْيَي: أَخْبَرَنَا، وقَالَ الْآخَرَانِ: حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَة عَنْ الْأَعْمَشِ عَنْ أَبِي صَالِحٍ الذكوان، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ)...﴿كتاب فضائل الصحابة/باب تحريم سب الصحابة/٤٦١٦﴾.

٣ـ مسند احمد:(حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ عَنْ أَبِي صَالِح، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ)...﴿باقي مسند مكثرين من الصحابة، مسند أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِي/١٠٨٦٩﴾.

٤ـ سنن ابي داود:(حَدَّثَنَا مُسَدَّدٌ، حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، عَنْ الْأَعْمَشِ عَنْ أَبِي صَالِحٍ ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ)...﴿كتاب السنة/باب في النهي عن سب اصحاب رسول الله)/٤٠٤١﴾.

٥ـ جامع الترمذي:(حَدَّثَنَا مَحْمُودُ بْنُ غَيْلَانَ ، حَدَّثَنَا أَبُو دَاوُدَ، قَالَ: أَنْبَأَنَا شُعْبَةُ، عَنِ الْأَعْمَشِ، قَال: سَمِعْتُ ذَكْوَانَ أَبَا صَالِحٍ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ)...﴿كتاب الدعوات/باب في من سب اصحاب النبي٣٨٢٥﴾.

٦ـ سنن النسائي:(أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ هِشَامٍ، عَنْ خَالِدٍ وَهُوَ ابْنُ الْحَارِثِ، قَالَ: أنا شُعْبَةُ، عَنْ سُلَيْمَانَ(الاعمش)، عَن ابي صالح ذَكْوَانَ ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ)...﴿كتاب فضائل القرأن/مناقب اصحاب النبي) والنهي عن سبهم/٧٩٨٩﴾.

٧ـ سنن ابن ماجه:(حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الصَّبَّاحِ، حَدَّثَنَا جَرِيرٌ. ح وحَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ. ح وحَدَّثَنَا أَبُو كُرَيْبٍ، قَالَ: حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ جَمِيعًا،

**عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ)...﴿كتاب ابن ماجه/باب فضائل اهل البدر/١٥٧﴾.**

وە هەروەها ئیمامی زەهەبی دەربارەی فەرموودە موعەنعەنەکانی ئیمامی ئەعمەش ئەفەرمووێ: "ئیحتیمالی تەدلیسی هەیە ناوی یەکێکی نەهێنابێ لە ڕاویەکان بەڵام ئەو شێخەکانی زۆرن کە ڕیوایەتی لێوە کردوون بۆیە ئەو ڕیوایەتانەی کە لەمانەوە ڕیوایەتی کردوون وەکوو ئیبڕاهیم و کوڕی ئەبو وائیل و ئەبو صالّحی سەممان (ذکوان)، ئەوە جۆرە چینە هەمووی گەیەنراوە (واتە: پچڕان نیە لە نێوانیان)"[٤٩].

گومانی سێیەم: وا دیارە شێخ ئیبن باز قەناعەتی بەوەندەش نەکردووەو ئەمجارە گومانێکی تری وروژاندووە چونکە پێی هەزمنەکراوە، بۆیە ڕەخنەی لە دەقێکی فەتنەکە گرتووە کەوا ئەو پیاوەی چۆتە سەر گۆڕی پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم نەناسراوەو نازانرێت کێیە واتە بە مەتنەکە صیغەی مەجهول ڕیوایەتکراوە (فَجاءَ رَجُلٌ إلی)، ئەم قسەیەشی هیچ بنەمایەکی زانستی نیە، بۆ ئەم گومانەش فەرموودە زۆرە یەکێ لەوانە ئیمامی بوخاری بە صەحیحیشی داناوە کەچی ئەو کەسەی کە لە مەتنی فەرموودەکەدایە ناوی نەهێنراوە هەروەکوو ئەو نموونەیە: **(سأل رجل رسول الله صلى الله عليه وسلم فقال: يا رسول الله إنا نركب البحر ونحمل معنا القليل من الماء، فإن توضأنا به عطشنا، افنتوضأ بماء البحر؟ فقال صلى الله عليه وسلم: هو الطُهور ماؤه، الحل ميتته)**...بوخاری و خاوەنانی سونەنەکان ڕیوایەتیان کردووە.

---

[٤٩] بڕوانە: (میزان الإعتدال)(ب٣/ل١٩٠).

واته: پیاوێك پرسیاری كرد له پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم (وەكوو دەبیینن پیاوەكه ناوی نەهاتووه)، وه گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم، كاتێ ئێمە سواری كەشتی ئەبین و ئەچینە ناو دەریاوه هەندێك ئاوی كەممان پێیه، ئەگەر دەستنوێژ بەو ئاوه كەمه بگرین كه پێمانه دواتر بێ ئاو دەمێنینەوەو تینومان ئەبێت، ئایە رێگه پێدراوه كه به ئاوی دەریا دەستنوێژ بگرین؟ ئەویش فەرمووی: ئاوی دەریا پاكەو مردووەكانی ناویشی بۆ خواردن حەلاڵن (واته: مەبەستی ماسی و حوت و ئەو گیاندارانەی كه له نێو ئاودا ژیان بەسەر ئەبەن).

جا سەیركەن لێرەدا ئەو پیاوەی پرسیارەكه ئەكات نەناسراوەو لەگەڵ ئەوەشدا ئیمامی بوخاری به بەهێزی داناوه، جا ئەگەر به قسەكەی ئەو بەرێزانه بێ ئەبێ واز لەو هەموو فەرموودانه بهێنین كه به صیغەی نەناسراو هاتوون و هەموویان به زەعیف دابنێین.

سەبارەت بەو پیاوه نەناسراوه شێخمان ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "سەیف له (فتوحدا) ریوایەتی كردووه كەوا ئەو كەسەی كه چۆته سەرگۆرەكەو خەوەكەی بینیوه ئەوه بیلالی كوری حاریسی موزەنیه كه یەكێكه له هاوەڵان"[٥٠].

ئەم فەرموودەیه ئیبن و كەثیر له بارەیەوه ئەفەرمووێ: "سەنەدەكەی چاك و بەهێزه"[٥١]. وه حافیزی ئیبن و حەجەریش به صەحیحی داناوه.

---

[٥٠] بروانه: (فتح الباري)(ب٢/ل٤٩٥).

لەوە دەرکەوت کەوا فەرموودەکە صەحیحەو لەسەر شەرتی بوخاری و موسلیم و هەر شەش کتێبەکە صەحیحەکەو موسنەدی ئیمامی ئەحمەد، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەرکەوت کەوا ئەعمەش گوێی لە ئەبو صاڵحی سەممانی بووە کە ژکوانە، شێخمان ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "سلێمانی کوری میهران کە ئەعمەشە لە ئەبو صاڵح ژکوانەوە زۆر دووبارە ئەبێتەوە لە صەحیحی بوخاری کە صەحیحترینی سەنەدەکانە"[52].

وە هەروەها حافیزی بەیهەقی ئەفەرمووێ: "ئەمە سەنەدێکی صەحیحە".

تێبینی: ئەگەر فیعلی ئەو هاوەڵە بەرێزە کوفربایە ئیمامی عومەر لۆمەی ئەکرد، کە هەمووشمان ئیمامی عومەر ئەناسین لە ئاستی حەق گوتن چ کەسێك بووە، بۆیە بەگوێرەی قورئان و سوننەت ئیستیغاسەو داواکردن لە پەیامبەران و پیاوچاکان دروستە بەو مەرجەی ئەو کەسە وا نەزانێ بکەری سەرەکی ئەو کەسەیە بەڵکوو خودایە بۆی ئەکات بەس ئەو حورمەتی لە لای خودا هەیەو ئەپارێتەوە بۆی و کارەکەی بۆ جێ بەجێ ئەبێ و هیچ کوفرو شیرکیش نیە.

---

[51] (البداية والنهاية)(ب٥/ل١٦٧). وە (جامع المسانيد / مسند عمر)(ب١/ل٢٢٣). وە ئیمامی تقی الدینی سوبوکی لە (شفاو الاسقام) هێناویەتی. لێکۆڵینەوەی ئەم فەرموودەیە سوودم لە پۆستەکەی مامۆستا سالار نەوجولی ئەو بینی خودا پاداشتی بەخێری بداتەوە.

[52] بروانە: (فتح الباري)(ب١/ل٢٦٠) کتاب بدء الوحي.

## ژیانی مەعنەوی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە دوای وەفاتکردنی

خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ فِيكُمۡ رَسُولَ ٱللَّهِۚ﴾[٥٣]، واتە: دڵنیابن کەوا پێغەبەری خوا ﷺ لە نێو ئێوەدایە، جا هەتا لە ژیاندا مابوو بە ڕۆح و لاشەی پیرۆزی لە نێوماندابوو، ئینجا دوای وەفاتیشی بە ڕۆحی لە نێوماندایە[٥٤]. وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویت: (مَا مِنْ أَحَدٍ يُسَلِّمُ عَليَّ إلاّ رَدَّ اللَّهُ عَلَيَّ رُوحِي حَتَّى أَرُدَّ عَلَيْهِ السَّلامُ)[٥٥]، واتە: هەر موسڵمانێك سەلامم لێ بکات ئەوە خوای گەورە ڕۆحەکەم ئەگەڕێنێتەوە نێو لاشەکەم لە ناو گۆڕ تاوەکوو سەلامەکەی وەلاّم بدەمەوە. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (إِنَّ مِنْ أَفْضَلِ أَيَّامِكُمْ يَوْمُ الْجُمُعَةِ فَأَكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلاةِ فِيهِ، فَإِنَّ صَلاتَكُمْ مَعْرُوضَةٌ عَلَيَّ، قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ: وَكَيْفَ تُعْرَضُ صَلاتُنَا عَلَيْكَ وَقَدْ أَرَمْتَ (قَالَ: يقول بَلِيْتَ)؟ قَالَ: (إِنَّ اللَّهَ قَدْ حَرَّمَ عَلَى الأَرْضِ أنْ تَأْكُلَ أَجْسَادَ الأَنْبِيَاءِ)[٥٦]، واتە: بێگومان

---

[٥٣] سورة الحجرات آية ٧.

[٥٤] زۆر بێ ئەدەبیە بۆ کەسێك کە ئەڵێ پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کردو مرد ئاگای لە هیچ شتێك نیە أستغفر الله بۆ ئەو جۆرە بیروباوەڕە پووچە.

[٥٥] حەسەن و صەحیحە. ئەبوداود لە (سنن ابی داود)(ژ٢٠٤١). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٠٨٢٧). وە بەیهەقی لە (سنن الکبری)(ژ١٠٠٥٠) ڕیوایەتیان کردووە. ئیمامی نەوەوی لە کتێبی (الأذكار)(ل٩٧) کتاب الصلاة علی رسول الله. بە صەحیحی داناوە.وە حافیزی عەسقەلانیش لە تەخریجی فەرموودەکانی (الاذکار) بە حەسەنی داناوە. وە ئیبن و تەیمیەش ئەفەرمووێ: "ئەو فەرموودەیە صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم) بڕوانە (إقتضاء الصراط المستقیم)(ب٢_ل١٧٣). ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە.

[٥٦] صەحیحە. ئەبوداود لە (سنن ابی داود)(ژ١٠٤٧). وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجە)(ژ١٠٨٥). وە نەسائی لە (سنن الکبری)(ژ١٦٧٨). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٦١٦٢). وە ئیبن و حیبان لە (صحیح ابن حبان)(ژ٩١٠) ڕیوایەتیان کردووە.

گەورەترینی ڕۆژەکانی ئێوە ڕۆژی هەینیە هەر بۆیە لەو ڕۆژەدا زۆر صەڵەواتم لەسەر لێ بدەن چونکە صەڵەواتەکانتان پێم نیشان ئەدرێت، هاوەڵەکانیش فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خواﷺ چۆن صەڵەواتەکانی ئێمەت پێ نیشان ئەدرێت لە کاتێکا بەڕێزتان ئێسك و پروسکەکانتان پووکاوەتەوەو لە ناو چووە؟ ئەویش فەرمووی: خوای گەورە لەسەر زەوی قەدەغەکردووە کەوا لاشەی پێغەمبەرەکان عليهم السلام بخوات و لە ناویان ببات.

خۆشەویستان ئەوەتا ئیمامی قورتوبی و غەیری ئەویش رحمهم الله لە تەفسیری ئەم ئایەتە ﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابٗا رَّحِيمٗا﴾[57]، ئەم چیرۆکەیان گێڕاوەتەوە کە ئەبو صادق[58] لە ئیمامی عەلیەوە ڕیوایەتی کردووەو ئیمام فەرموویەتی: (سێ ڕۆژ دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خواﷺ ناشت، کەسێکی دەشتەکی هاتە لامان و خۆی هەڵدایە سەرگۆڕی پێغەمبەری خواﷺ، وە خۆڵی سەرگۆڕی پیرۆزی بەسەر خۆی دا ئەکرد،

---

شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: "صەحیحە بە غەیری خۆی". بڕوانە: (سنن أبي داود بتحقيق شعيب الأرنؤوط)(ب٢_ل٢٧٩_ژ١٠٤٧).

[57] سورة النساء آية ٦٤. واتە: (ئەگەر ئیمانداران و غەیری ئەمانیش ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد بە گوناهو تاوان یاخود بە کوفر جا هاتنە لای تۆ ئەی محمدﷺ وە داوای لێبوردنیان لە خوای گەورە کرد بۆ گوناهەکانیان، وە تۆش داوای لێبوردنت بۆیان کرد، ئەوە خوای گەورە تەوبەکەیان لێ قەبوڵ ئەکات، چونکە خوای گەورە زۆر تەوبە وەرگرو میهرەبان و بەسۆزە).

[58] ئەبو صادقی ئەزدی کوفیە، وە گوتراوە: ناوی موسلیمی کوڕی زەیدە، وە گوتراویشە: عبد الله کوڕی ناجیذەیە، کەسێکی ڕاستگۆیە، وە فەرموودەکانیشی لە ئیمام عەلیەوە بە موڕسەلی ڕیوایەت کراوە. بڕوانە: (حاشية جامع الأحكام للقرطبي بتحقيق الدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي )(ب٦_ل٤٣٩).

وە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خواە ئێوە فەرمووتان و ئێمەش گوێبیستی بووین، ئێوە لە خواوە گوێبیست بوون و ئێمەش لە ئێوەوە، ئەوەتا خوای گەورە ئەم ئایەتەی بەسەر ئێوەدا دابەزاندووە کە ئەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ جَآءُوكَ فَٱسْتَغْفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا﴾، جا من ستەمم لە نەفسی خۆم کردووە، ئەوە هاتووم بۆ لای ئێوە تا داوای لێ خۆشبوونم بۆ بکەی. ئەوەبوو لە گۆڕەکەی پیرۆزیەوە دەنگێك بیسترا و فەرمووی: خوای گەورە لەو کەسە خۆش بوو)[٥٩].

وە هەروەها ئیمامی ئیبن و کەثیر لە تەفسیرەکەی خۆیدا ئەم چیرۆکەمان لە عیتبیەوە بۆ نەقڵ ئەکات کەوا ئەفەرمووێت: (لە لای گۆڕی پێغەمبەری خواە دانیشتبووم، پیاوێکی دەشتەکی هات و فەرمووی: سەلامی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خواە، گوێم لە خوای گەورە بووە کەوا ئەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ جَآءُوكَ فَٱسْتَغْفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا﴾، ئەوە هاتووم بۆ داوای لێ خۆشوون لە گوناهەکانم، وە ئێوە بکەمە تکاکار لای پەروەردگارم، دواتر ئەم بەیتە شیعریەی خوێندەوە:

يَا خَيْرَ مَنْ دُفِنَتْ بِالْقَاعِ أَعْظُمُهْ ....... فَطَابَ مِنْ طِيبِهِنَّ القَاعُ وَالأَكَمُ

نَفْسِي الفِدَاءُ لِقَبْرٍ أَنْتَ سَاكِنُهْ ....... فِيهِ العَفَافُ وَفِيهِ وَالجُودُ وَالكَرَمُ

---

[٥٩] ئەم ڕیواتە ئیبن و عبد البر لە (بهجة المجالس)(ب٣_ل٢٧٥). هێناویەتی جگە لە وتەی (دەنگێگ لە گۆڕەکەیەوە). وە ئیمامی نەوەویش لە (المجموع شرح المهذب)(ب٨_ل٢١٧) هێناویەتی. بڕوانە: (حاشية جامع الأحكام للقرطبي بتحقيق الدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي )(ب٦_ل٤٣٩).

ئەی چاکترین کەس لەو جیٚ یە مەزنە کە خەویٚنراوی
خاك و خۆڵی ئەو جیٚ یە بۆن خۆش بوون لەگەڵ هیٚنراوی
ڕۆحم فیدای ئەو گۆڕە بیٚ کە تۆ تیٚیدا ساکینی
پاك و بەخشندەو خاوەن میهرەبان وا نەخشیٚنراوی[٦٠]

پاشان دەشتەکیەکە ڕۆیشت، منیش خەو زۆری بیٚ هیٚنام و خەوتم، ئەوەبوو پیٚغەمبەری خوام ﷺ لە خەوا بینی و فەرمووی: ئەی عیتبی خۆت بگەییٚنە بەو دەشتەکیەو موژدەی بیٚ بدە کەوا خوای گەورە لیٚی خۆش بوو)[٦١].

وە هەروەها پیٚغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویٚت: (حَياتِي خَيْرٌ لَكُمْ تُحَدِّثُونَ وَيُحَدِّثُ لَكُمْ ، فَإِذا أَنَا مِتُّ كَانَتْ وَفَاتِي خَيْرًا لَكُمْ تُعْرَضُ عَلَيَّ أَعْمَالُكُمْ، فَإِنْ رَأَيْتُ خَيْرًا حَمِدْتُ اللهَ، وَإِنْ رَأَيْتُ غَيْرَ ذَلِكَ اِسْتَغْفَرْتُ اللهَ لَكُمْ)[٦٢]، واتە: لەو

---

[٦٠] بریندارى شاعر.

[٦١] (تفسير ابن كثير)(ب٢_ل٣٤٨) سورة النساء آية ٦٤.

[٦٢] صەحیحە. حافیزی زین الدینی ئەبی فەزلّی عیٚراقی و کوڕەکەی ولی الدینی ئەبو زورعەی عیٚراقی سەنەدی ئەم فەرموودەیان بە (جيد) بە چاك داناوە. جا حافیزی عیٚراقی ئەفەرموویٚت: "بەززار لە فەرموودەی ئیبن و مەسعودەوە ڕیوایەتی کردووە، وە پیاوەکانیشی پیاوانیٚکی صەحیحن تەنیا عبد المجیدی کوڕی عبد العزيزی کوڕی ڕووادی نەبیٚت هەر چەندە موسلیم ڕیوایەتی لیٚوە کردووە، وە ئیبن و مەعین و نەسائیش متمانەیان پیٚداوە بەلاٚم زۆریەیان ئەو پیاوەیان بە زەعیف داناوە. وە حارسی کوڕی موسلیم لە (مسند)ی خۆی ئەو فەرموودەی ڕیوایەت کردووە لە ئەنەسەوە بە سەنەدیٚکی زەعیف. بڕوانە: (تخريج الأحاديث الإحياء علوم الدين بتحقيق الحافظ الزين الدين العراقي)(ب١_ل٢١٨٩_ذ٣٤٥٨)باب _ كتاب الرجاء والخوف. طبعة دار العاصمة. وە بڕوانە: (طرح التثريب في شرح التقريب بشرح الحافظان زين الدين العراقي وابنه الحافظ ولي الدين العيراقي)(ب٣_ل٢٩٧) باب الكفن وحمل الجنازه والصلاه عليها. جا ئەم کتیٚبەی حافیزی عیٚراقی یەکیٚکە لە دواین کتیٚبەکانی. وە هەروەها حافیزی ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرموویٚت: "بەززار ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی

کاتەی کە زیندووم و لە ژیانم ئەوە بۆ ئێوە خێری تێدایە، چونکە ئێوە قسەم لەگەڵ ئەکەن و منیش قسەتان لەگەڵ ئەکەم، جا ئەگەر مردم ئەوکاتە مردنەکەم خێری تێدا ئەبێ بۆ ئێوە، چونکە ئەگەر بێت و کردەوەیەکی چاکی ئێوە ببینم ئەوە سوپاسی خوا ئەکەم، وە ئەگەر خراپەیەکیشتان ببینم ئەوە داوای لێخۆش بوونتان بۆ ئەکەم.

وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (إِنَّ أَعْمَالَكُمْ تُعْرَضُ عَلَى أَقَارِبِكُمْ وَعَشَائِرِكُمْ مِنَ الأَمْوَاتِ، فَإِنْ كَانَ خَيْراً إِسْتَبْشَرُوا، وَإِنْ كَانَ غَيْرُ ذَلِكَ قَالُوا: اللَّهُمَّ لا تُمِتْهُمْ حَتَّى تَهْدِيَهُمْ كَمَا هَدَيْتَنَا)[٦٣]، بێگومان کردەوەکانتان پیشانی خزم و کەس و کارو هۆزەکانی ئێوە ئەدرێت لە نێو مردووەکانا، جا ئەگەر کردەوەکانتان چاك و باش بێت ئەوە پێیان خۆش ئەبێت و شادومان ئەبن، وە ئەگەر خراپیش بێت ئەوە ئەفەرموون: پەروەردگارمان مەیان مرێنە هەتاوەکوو هیدایەتیان ئەدەی هەروەکوو چۆن ئێمەت هیدایەتدا[٦٤].

---

پیاوانێکی صەحیحن. بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب٩_ل٢٤) باب_ ما يحصل لأمته ٥ من إستغفاره بعد وفاته. وە (كشف الأستار عن زوائد البزار)(ب١_ل٣٩٧_ذ٨٤٥).

[٦٣] صەحیحە. ئەلبانی ئەفەرموویت: ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٣_ل٦٤_١٦٥). وە ئیبن و موبارەك لە (الزهد) ڕیوایەتیان کردووە. وە لەسەرەتا ئەم فەرمودەیەی بە زەعیف داناوە لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٢_ل٢٥٤_ژ٨٦٣) بەڵام پەشیمان بووەتەوەو بە صەحیحی داناوە. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٦_ل٦٠٥_ژ٢٧٥٨).

[٦٤] کاك ئاسۆیی کۆیی کە دۆستێکی نزیکی خۆمە بۆی باس کردم و فەرمووی: مامۆستا ابراهیم کۆیی بۆی باسم کردم و فەرمووی: هاوەڵێکم لە پرێکا وەفاتی کرد، جا بەر لەوەی وەفات بکات پێمی فەرموو: کەوا کچەکانم بۆ بەشوو بدە، ئیتر قەدەری خوا ئەو پیاوە وەفاتی کرد، جا خێزانی ئەو پیاوە دەرنەئەچوو بۆ دەرەوە ماوەیەك، ئیتر ڕۆژێکیان بۆ کارێکی پێویست دەرچووە دەرەوە، ئیتر بۆ شەو خەوی بەپیاوەکەوە بینی بوو، ئەوەبوو خێزانەکەی پێی

**وه هەروەها ئیبن و قودامەی مەقدیسی ﷺ لە (مختصر منهاج القاصدین)دا ئەفەرمووێت: "چەسپاوە کەوا عاریف و خواناسەکان زیندوون لە گۆڕەکانیان وەکوو شەهیدەکان، (هەموو کەسێکی خۆیەکلایی کەرەوە بۆ خوای گەورە کە لە جیهادو تێکۆشاندایە لە دژی نەفسەکەی ئەوە لە شەهیدەکانە)"[٦٥]**

**وه هەروەها ئیمامی شەعرانی لە گەورە ئەولیاکانی ئوممەتی ئیسلام ئەبو خەیری ئەقتەعی تیناتیەوە[٦٦] ئەو چیرۆکەمان بۆ ئەگێڕێتەوە کەوا ئەفەرمووێت"هاتمە**

---

فەرموو بوو: تۆ ئاگاداری ئێمەیت؟ ئەویش فەرموو بووی: بەڵێ، خوای گەورە ئێوەم پێ نیشان ئەدات بەردەوام لە پێش چاوی منن. جا خۆشەویستان ئەمە تاکێك بێ لە ناو ئوومەت ئەمە حاڵی بێت، ئەی چی بە پێغەمبەرو ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان ئەڵێی.

[٦٥] (البطولة والفداء عند الصوفیة)(ل١٣٩) هی ئەسعەد خەطیب.

[٦٦] حەممادی کوڕی عبد الله، کە یەکێکە لە زاناکانی ئەهلی سوننەو جەماعە، وە یەکێکە لە گەورە پیاوەکانی ئەهلی تەصەوف، وە هاوەڵایەتی شێخ ئەبو عبد الله کوڕی جەللائو غەیری ئەویشی لە شەیخەکانی تر کردووە، وە هەروەها شەیخی صۆفیان ئەبو عبد الرحمن سوللەمی لە بارەیەوە بەو شێوەیە ئەفەرمووێت: "ئەو زاتە نیشانەو کەراماتی هەبوو، وە لەبارەی تەوەککولیشەوە لە پێشنگ بوو لەو ڕێگایە، گیانداران و ئاژەڵە دڕندەکان هۆگرو هاودەمی ببوون، وە فیڕاسەتیشی زۆر تیژ بوو، جا بەیەك دەستی پەلکی دارخوای ئەچنی ئیتر نازانرێ چۆن کردوویەتی(کاری چنینەوەی کردووە بەیەك دەست وا دیارە دەستەکەی تری بڕاوە)، بەردەوام بەرەی جەنگی شام لە پارێزراوی دابوو هەتا ئەو لە ژیاندا مابوو (چونکە لەوێ لەبەرەی جەنگدا بووە بۆ جیهاد کردن دژی دوژمن)، لە بنەڕەتدا مەغریبیە پاشان لە تینات نیشتەجێ بوو (کە گوندێکە لە نزیك حەلەب)، وە ماوەیەکیش لە چیای لوبنان نیشتە جێ بووە، یەکێکە لە هەرە زاهیدو بەندە چاکە ناسراوەکان. لە ساڵی (٣٤٧ھ) وەفاتی کردووە، وە ئەش گوترێ: لە (٣٤٩ھ). بڕوانە: (طبقات الصوفیة لأبي عبد الرحمن السلمي)(ل٢٨٠_٢٨٢). وە (الطبقات الکبری للشعراني)(ب١_ل١٩٧).

**لای گۆڕی پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کاتەشا زۆرم برسیم بوو جا وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من میوانی تۆم، لەوێ لاکەوتم و لە دوای مینبەری پیرۆزیانەوە خەوم لێ کەوت، ئەوەبوو پێغەمبەری خوام بینی ﷺ وە نێو چەوانی پیرۆزی ئەوم ماچ کرد، ئەویش کولێرەیەکی دا پێم و نیوەم لێ خوارد، جا کاتێ خەبەرم بوویەوە نیوەکەی تری کولێرەکەش بە دەستمەوە بوو"[٦٧].**

**جا خۆشەویستان ئەمە ژیانی مەعنەوی پێغەمبەری خوایە ﷺ، وە ژیانی مەعنەوی گشت میراتگرە ڕاستەقینەکانیێتی، چونکە قاعیدەیەك هەیە هەروەك زۆربەی زاناکان فەرموویانە: (كُلُّ مَا جَازَ أَنْ يَكُونَ مُعْجِزَةٌ لِنَبِيِّ جَازَ أَنْ يَكُونَ كَرامَةٌ لِوَلِيٍ)[٦٨]، واتە: (ئەکرێ هەموو ئەو شتانەی کە دروستە ببنە موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەرێك عليهم السلام دروستەو ئەکرێ ببێتە کەرامەتێك بۆ وەلیەك. بۆیە خۆشەویستان خۆ ئێوە میهرەبانی خوا دابەش ناکەن بەسەر خەڵکی، بەڵکوو ئەوە خوایە کە ڕێز لە دۆستەکانی خۆی ئەگرێت و پلەیان بەرز ئەکاتەوە، جا چ لە**

---

[٦٧] (الطبقات الكبرى للشعراني)(ب١_ل١٩٧).

[٦٨] ئەم زانایانە فەرموویانە: ئیمامی سعد الدینی تەفتازانی لە (شرح المقاصد)(ب٢_ل٢٠٣). ئیبن و حەجەری عەسقەلانی لە (الفتح الباري شرح صحيح البخاري)(ب٧_ل٣٨٣_ژ٤٠٨٧). وە ئیمامی حەڕەمەین لە (الإرشاد)(ل٢٦٧)، طبعة مؤسسة الكتب الثقافية. وە ئیبن و حەجەری هەیتەمی لە (الفتاوى الحديثية)(ل١٠٨). وە ئیمامی نەوەوی لە (شرح صحيح المسلم)(ب١١_ل١٠٨). وە ئیمامی عەلی قاری ئەفەرمووێت: "ئەوەی بە ڕووکەشی دیاربێ لە وتەی ئیمامی ئەعزەم ئەبو حەنیفە بۆ ئەو مەقامە ئەوەیە کەوا موافقە لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینەی زانا بەرزەکان لەسەری ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی کە دروستە ببنە موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەرێك ئەوە دروستەو ئەکرێ ببێتە کەڕامەتێك بۆ وەلیەك و هیچ جیاوازییەکی لە نێوانیاندا نیە تەنیا ڕکابەرێتی نەبێت (واتە: تەحەددای پێغەمبەرێتی نەکات). بڕوانە: (شرح فقه الاكبر)(ل١٣١) طبعة دار الكتب العلمية.

**دونیا وە چ لـە دوای مردنیش هیچ جیاوازییەکی نیە، بۆیە ئەوەی ئەڵێ: پێغەمبەر ە یاخود ئەولیاکانی خوای گەورە تازە مردن کۆتاییان پێ هات ئەوە ئەبێ فێرە ئەدەب بکرێ، چونکە ئێمە هەندێ لەو بەڵگانەمان خستەڕوو، ئێوەش وەریگرن چونکە بەو پەڕی ئەمانەتەوە بۆم نەقڵ کردوون. وە سەبارەت بە زانینی جیهانی ئەمرو ڕۆحیش ئەمە ئامڕازێکی کردەییە واتا بە کردار ئەچیتە نێو جیهانی میسال لە کاتی زیکرەکاندا، ئەوانەی کە دڵیان کراوەتەوەو قەدەری خوا بە کردەیی ئەبینن لەو جیهانەدا[٦٩]، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆح و ئەم جیهانە بە نوسین نابێت بەڵکوو بە کردەییە ئیتر تۆش ئەو مورشیدە بدۆزەرەوە تاوەکوو بەو مەقامە بگەیت.**

بەسەرهات ئەوەندە زۆرە لە ناو کتێبی زاناکانی هەر چوار مەزهەب سەبارەت بەو باسە گەر بێت و کۆبکرێتەوە ڕەنگە یەك دوو بەگری لێ دەربچێ، بەڵام هەندێ لەو بەسەرهاتانە ئەهێنین کە لە زانا گەورەکان ڕوویانداوەو ئەمانە پێشەوای خەڵکی بوونە.

حافیزی عبد الرحمن ئیبن و لجەوزی حەنبەلی ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە کتێبی (الوفا بتعریف الفضائل المصطفی)(ب٢/ل٥٥٩) باسی کردووە، لە ئەبو بەکری مینقەریەوە گێڕدراوەتەوە کە ئەفەرمووێ: من و تەبەڕانی و حافیزی ئەبو شێخ لە حەرەمی پێغەمبەری خوادابووین صلی الله علیه وسلم واتە: مزگەوتەکەی، لە حاڵەتێکیشدا بووین کە زۆر برسیمان بوو کە ئەو ڕۆژە نانمان نەخواردبوو، جا کاتێ بووە عیشا لە لای گۆڕی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئامادەبووم، وە

[٦٩] کە پێی ئەگوترێ کەشف و کەرامەت.

گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم برسیەتی برسیەتی، پاشان ڕۆیشتم، ئەو بو شێخیش بەمنی گوت: دانیشە یان ڕۆزی یان مردن، جا ئەبو بەکر ئەفەرمووێ: من و ئەبو شێخ نوستین، وە تەبەڕانیش دانیشتبوو سەیری شتێکی ئەکرد، دواتر بینیمان پیاوێکی عەلەوی لە ئەشڕافەکان لای دەرگاکە ئامادە بوو لە دەرگایان دا کە بەخۆی و دوو غولامەوە لەگەڵ دوو زەنبیلی گەورەو پڕ ئەشیایان هێنابوو، ئێمەش دانیشتن و خواردمان، ئیتر وامانزانی کە ئەوەی ئەمێنێتەوە غولامەکە ئەیباتەوە، کەچی بەجێی هێشت لە لامان، جا کاتێ لە خواردنەکە بووینەوە عەلەویەکە گوتی: ئەی قەوم سکاڵاتان لای پێغەمبەری خوا کردووە صلى الله عليه وسلم؟ چونکە من پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وسلم لە خەودا بینی و فەرمانی پێ کردم تاوەکوو شتێکتان بۆ بهێنم. کۆتایی هات.

ئەم بەسەرهاتە حافیزی زەهەبیش هێناویەتی، جا ئەگەر ئەمانە شیرك و کوفربانە بۆچی ئەو ئیبن و لجەوزی بەیانیان نەکردووە کەوا ئەمانە کوفرن و دروست نین؟! ئایە ئەمانە تەوحیدیان نەخوێندووەو گۆڕپەرستن؟! مەسئلەی ئیستیغاسەو تەوەسسول هەتا شێخ ئیبن و تەیمیە نەهات کەسێك بەر لە ئەو فەتوای حەڕامێتی ئەوانەی نەداوە ئیتر نازانین ئەبێ ئەو ئیلهامەی لە کوێوەوە بۆ هاتووە؟![٧٠]

---

[٧٠] بڕوانە: (تاريخ الإسلام للإمام الحافظ شمس الدين أبي عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبِي)(المتوفى: ٧٤٨هـ)(ب٢٧، ل٣٩)، ط. دار الكتاب العربي. وە (تذكرة الحفاظ الإسلام للإمام الحافظ شمس الدين أبي عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبِي)(المتوفى: ٧٤٨هـ)(ب٣، ل)١٢١، طبع دار الكتب العلمية. وە (سير أعلام النبلاء للإمام الحافظ شمس الدين أبي عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي)(المتوفى:

له (طبقات الحنابلة) هی ئیبن و ئەبی یەعلا، ئیبڕاهیمی حەڕبی ئەفەرمووێ: "گۆڕی شێخ مەعرفی کەرخی دەرمانێکی تەجرەبەکراوە"، وە عبد الله کوڕی عەبباسی تەیالیسی ئەفەرمووێ: کوڕە برای شێخ مەعروفی کەرخی پێی گوتم: مامم شێخ مەعروف پێمی گوت: ئەگەر پێویستیەکت هەبوو بۆ لای خوای گەورە ئەوە تەوەسسول بەمن بکە". جا خاوەنی ئەم کتێبەش وەکوو مەدحێك بۆ شێخ مەعروف ئەمانەی نەقڵی کردووە، کەچی لێکۆڵەری کتێبەکە کە کەسێکی بیدعەچیە چونکە پێی هەزم نەکراوە لە پەراوێز ئینکاری ئەمانە ئەکات کە گوایە ئەمانە شیرکن پەنا بەخوا.

وە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئەیفەرموو: "ئەگەر هەواڵی شتێکت لە هەواڵەکانی ئاسمان پێدرا لە شێخ مەعروفەوە ئەوە وەریگرە". مەڕوفی کەرخی ئەبو مەحفوزی عابید، یەکێکە لە پیاو زاهیدو خواناسەکان کە پیاوچاکان و عاریفەکان تەبەڕووکیان پێ کردووەو سوودمەند بوون لێیەوە بە زیندوویەتی و مردوویەتی.

وە شێخی بوهوتی حەنبەلیش ئەو وتەیەی إبراهیمی حەڕبی کردە بەڵگە ئیعتیڕازی لە وتەی ئیبن و تەیمیە گرت.

---

٧٤٨هـ)(ب١٢، ل ٣٨٢)، دار الحديث- القاهرة ـ مصر. وە (وفاء الوفاء بأخبار دار المصطفى للإمام المؤرخ نور الدين علي بن عبد الله السمهودي) (المتوفى: ٩١١هـ) ب٤، ل٢٠٠، ط. دار الكتب العلمية. وە (المحاضرات والمحاورات للإمام الحافظ جلال الدين السيوطي (المتوفى: ٩١١هـ) ب١، ل٤٢٧، ط. دار الغرب الإسلامي. وە (صفحات من صبر العلماء للشيخ عبد الفتاح أبي الغدة)(المتوفى: ١٤١٧هـ) ل٧٣، طبع مكتب المطبوعات الإسلامية – حلب.

وه له (ذيل الطبقات الحنابلة) هی ئیبن و ڕەجەب له چەندەها شوێن باسی دوعا قەبوڵ بوون کراوه لای گۆڕی هەندێ له پیاوچاکان و تەبەڕڕوك کردن پێیانەوەو سەردانی کردنیان. جا زانای سەردەم له مەزهەبی حەنبەلیەکان که شێخ محمد ئەزهەریه ئەڵێ: ئەگەر بێت و موتابەعەی تەبەڕڕوك کردن به گۆڕەکان و دوعاکردن له لایان و تەوەسسول به پیاوچاکان بکرێ له تەبەقاتی حەنابیلەو زەیلەکەی، وه ئەو مەسائیله تەجرەبەکراوانەی له زیکرەکان و پاڕانەوەکان که زۆرێك لەوانه له لایەن ئەو نابیتانەوه به بیدعه دائەنرێ. جا ئەگەر ئەو موتابەعەیه بکرێ ئەوه بەرگێکی گەورەی لێ دەرئەچێ، وه سابیتیش ئەبێ بۆ خەڵکی به گشتی جیاوازی ڕێگای پێشەواکانمان لەگەڵ ئەو نابیتانه، وه من مەبەستم لەو وته گشتیەش هەتا ئیبن و تەیمیەش". مەبەستی له نابیته وتەیەکه به وەهابیەکان گوتراوه.

ئیبن و لجەوزی له ئەبو فەتحەوه گێڕاویەتەوه کەوا فەرمووی: له خەودا بیشری کوڕی حافیم بینی له ناو بێستانێکدا وەستا بوو، جا لەبەر دەستیشیدا سفرەو خوانێك هەبوو که خواردن و خواردنەوەی لێ ئەخوارد، منیش گوتم: ئەی ئەبو نەصر خوای گەوره چی لەگەڵ کردی؟ ئەویش فەرمووی: ڕەحمی پێکردم و لێم خۆش بوو، وه بەهەشتیشی پێ بەخشیم، وه پێمی فەرموو: بخۆ له هەموو بەرووبوومەکانی، وه له ڕووبارەکانیشی بخۆرەوه، وه چێژ وەربگره له هەموو ئەو شتانەی که لەنێویدا هەیه هەروەکوو چۆن تۆ له دونیا نەفسی خۆت قەدەغه کردبوو له ئارەزووەکان، منیش گوتم: ئەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل له کوێیه؟ فەرمووی: ئەوه لەبەر دەرگای بەهەشت وەستاوەو شەفاعەت ئەکات بۆ ئەهلی سوننه ئەوانەی که ئەڵێن: وتەی خوای گەوره دروستکراو نیه، منیش گوتم: ئەی

مەعرۆفی کەرخی؟ سەری خۆی جولاندو فەرمووی: دووره دووره، پەردەکان کەوتنە نێوان ئێمەو ئەو، مەعرۆفی کەرخی خوای گەورەی نە ئەپەرست لەبەر تامەزرۆیی بۆ بەهەشت یاخود لەبەر ترسی دۆزەخ نەوەکا بیسووتێنێ، بەڵکوو خوای گەورەی ئەپەرست لەبەر شەوق و تامەزرۆیی بۆ لای ئەوو نزیك بوونی لە زاتی خوای گەورە لە پلە بەرزەکانا، جا پەردە لە نێوان خوای گەورەو ئەو دەرمانە پیرۆزو ئەزموونکراوە کە مەعرۆفی کەرخیە هەڵگیرا، جا هەر کەسێك کارو پێویستیەکی لای خوای گەورە هەیە با بێتە لای گۆڕی شێخ مەعرۆفی کەرخی، وە با دوعا بکات لەبەر ئەوەی وەڵام دراوەیە إن شاء الله)[٧١].

بیلالی حەبەشی تەبەڕڕوك بە گۆڕی حەزرەتی رسول الله ئەکات صلی الله علیه وسلم. ئیبن و عەساکیری دیمەشقی لە (تاریخ الدمشق)(ب٢/ل٢٥٦) ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو دەردائەوە کە فەرموویەتی: کاتێ ئیمامی عومەر چووە شام پرسیاری لە بیلالی کرد کە لەلای بمێنێتەوە ئەویش وای کرد...، پاشان بلال لە خەویدا پێغەمبەری خوای بینی صلی الله علیه وسلم، کە پێی ئەفەرموو: ئەم وشکاتیە چیە ئەی بلال، ئایە ئێستا کاتی ئەوە نیە سەردانم بکەی، ئەویش بە غەمگینیەوە لە خەو هەڵساو سواری وڵاغەکەی خۆی بوو بە مەستی زیارەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم (واتە: شەددی ریحالی کرد بەنیەتی زیارەتی گۆڕی سەروەرمان ئەوەش ڕەددێکە بۆ ئیبن و تەیمیەو شوێنکەوتووانی)، ئینجا هاتە لای گۆڕی پێغەمبەرو دانیشت، وە ڕوخساری خۆی بەسەر گوڕی موبارەکی دا ئەهێنا.

[٧١] بڕوانە: (بحر الدموع لأبو الفرج إبن الجوزي الحنبلي)(ل٥٠).

لەوێ ئیمامی حەسەن و حوسێن حەزرەتی بلالیان بینی و لە باوەشیان گرت و ماچیان ئەکرد (ئەمەش ڕەددێکە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن ماچ کردن حەڕامە)، ئەوجا پێیان گوت: پێمان خۆشە گوێمان لە دەنگت بێ، بۆیە بانگێکمان بۆ بدە، ئەویش چووە سەربانیەکەو بانگیدا،کاتێ گوتی: الله اکبر الله اکبر مەدینە هەژایەوە، وە کاتێ گەیشتە أشهد ان لا اله الا الله زیاتر هەژایەوە، وە کاتێ گەیشتە أشهد ان محمدا رسول الله حەڵکی مەدینە لە ماڵەکانیان دەرچوون و ئەیانگوت: پێغەمەری خوا صلی الله علیه وسلم ڕەوانەکراوە، ئەوەبوو لە دوای وەفاتی پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم ئەوەندە نەگریا بوون بە قەد هێندەی ئەو ڕۆژە زۆر گریان.

ئیمامی سبوکی لە (شفاء الأسقام)(ل٣٩) ئەفەرمووێ: "بە سەندێکی چاك ڕیوایەتمان کردووە، بۆیە پێویست بە سەرنجدانی دوو سەنەدەکەی تر ناکات کە ئیبن و عەساکیر ڕیوایەتیانی کردووە، ئەگەرچی پیاوەکانیشیان ناسراو و مەشهورن".

وە ئەم ئیمامانەش باسیان کردووە:

١. ئیبن و ئەپیر لە (أسد الغابة)(ب١/ ل٢٠٨).

٢. سەمهەوەدی لە (وفاء الوفاء)(ب٢/ل٤٠٨) وە ئەشفەرمووێ: سەنەدەکەی جەیدو چاکە.

٣. شەوکانی لە (نیل الأوطار)(ب٣/ل١٠٥).

زیارەتکردنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە کۆمەڵێك لە هاوەڵانەوە ڕیوایەتکراوە یەکێ لەوانە کە بلال بوو زیارەتی کردو شەدی ڕیحالی کرد

به نیەتی زیارەتی فەخری کائینات، کە ئیبن و عەساکیرو سبوکی بە سەنەدی خۆیشی ڕیوایەتیان کردووە بە سەنەدێکی چاك.

ئیمامی زەهەبی ئەفەرمووێ: "ئیبن و لئەنماگی ئەفەرمووێ: گۆڕی خیلەعی لە ناوچەی قەرڕافەیەو کە ناسراوە بە گۆڕی قازی ئینس و جن، وە بەوە ناسراوە کە دوعا کردن لە لای گۆڕەکەی قەبووڵ و وەڵامدراوەیە".

ئیمامی زەهەبی ئەهلی تەوحید نیە، ئەی بۆچی باسی گۆڕو دوعا کردن لەلای گۆڕ دەکات و تەعلیقیش لەسەر نادات کە ئەم جۆرە کارانە شیرکە؟ بێگومان نەخێر شیرك نیەو زەهەبی دەزانێ چی نەقڵ دەکات، بۆیە ئەگەر بە صۆفیەکان بڵێن قبووری و گۆڕپەرست لە پێش هەموویان دەبێ بە زەهەبی بگوترێ چونکە ئەمانە سەرچاوەی نەقڵکردنی ئەو قبووریاتە بوونە، ئەمە، قبووری نیە بەڵکوو دینی ڕاستەقینەی سەروەرمان و سەلەف و خەلەفی ئوممەتە جگە لە دینی وەهابیەت نەبێ چونکە دینی ئەوان جیایە، ئەوەی ئەوان هی محمدی کوڕی عبد الوهابە، ئەوەی ئێمەش هی محمدی کوڕی عبد اللەیە کە پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم.

ئیمامی خیلەعی کێیە؟

شێخ و ئیمام و فیقهزان، وە موسنەدی وڵاتی میسر، قازی ئەبو لحەسەنی عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی حوسێنی کوڕی محمدە، بە ئەصڵ مەوصڵیە ئینجا میسریە،

شافیعی مەزهەبەو خاوەنی کتێبی (فوائد العشرین) لەگەڵ گێڕەڕەوەی ژیاننامەی پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم[٧٢].

ئیبن و عەساکیری دیمەشقی شافیعی ئەشعەری لە کتێبی (**التحفة**) ڕیوایەتی کردووە لە تاهیریکوڕی یەحیای حوسێنی کە ئەفەرمووێ: باوکم لە لە باپیرمەوە ئەویش لە جەعفەری کوڕی محمدەوە ئەویش لە لە باوکیەوە ئەویش لە ئیمامی عەلیەوە سەلامی خوایان لێ بێ، کە فەرموویەتی: (کاتێ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نێژراو خۆڵیان بەسەر داکرد، فاگیمە هاتە سەر گۆڕەکەی، وە چنگێك خۆڵەکەی سەر گۆڕەکەی هەڵگرت و لەسەر چاوەکانی داناو دەستی بە گریان کردو ئەو بەیتە شیعرانەی دەخوێندەوە.

ماذا علي من شم تربة أحمد .... أن يشم مدي الزمان غواليا.

صبت علي مصائب لو أنها ....... صبت علي الأيام عدن لياليا.

واتە: چی دەربارەی ئەو کەسەی کە بۆنی گۆڕی حەزرەتی ئەحمد ئەکات، کە بۆنێکە بە درێژایی ژیان و زەمانی کاتی بەسیەتی و پێویستی بە بۆنی تر نابێ، جا بەڵایەك بەسەر مندا هاتووە گەر بێت و ئەو بەڵایە بەسەر ڕۆژەکاندا بهاتایە ئەوە ڕۆژەکانە ئەبوونە شەو.

---

[٧٢] ﴿الذهبي، شمس الدين، سير أعلام النبلاء ط الحديث، ١٤/١٣٦﴾

ئەگەر بە قسەی قەدەغەکەران بێ دەبێ حەزرەتی فاطمە موشریك بێ چونکە ئەوە خۆڵی سەروەرمانی هەڵگرتووەو لەسەر چاوی خۆی داناوەو مەدحی گەورەترین مرۆڤ دەکات بە دایك و باوکم بەقوربانی بم.

ئەگەر شیرك بێ ئیبن و عەساکیرو ئەو ئیمامانەی تریش موشریکن چونکە گێڕاویانەتەوەو تەعلیقی شیرك و قبووریێتیان لەسەر نەداوە،

بۆیە ئەپرسین ئەوەتان لە چ دینێك هەیە کە ئەو جۆرە کردەوەیە قبووریەو شەخس پەرستیە؟

ئەم ئیمامانەش لە کتێبەکانی خۆیان باسیان کردووە:

١. ئیبن و قودامە لە (المغني)(ب٣/ ل٢١٣).

٢. سەمهەوەدی لە (وفاء الوفاء)(ب٢/ ل٤٤٤).

٣. قەسگلانی لە (ارشاد الساري)(ب٢/ ل٣٩٠).

٤. ڕوحەیبانی لە (مطالب أولي النهي)(ب١/ ل٩٢٦).

٥. عەلی قاری لە (مرقاة المفاتيح)(ب١١/ ل١٠٨).

وە غەیری ئەوانیش.

حافیزی ئیبن وکەثیر لە (البداية والنهاية)(ب٨/ل٢٠٠) ط. دار الكتب العلمية. ئەگێڕێتەوە کاتێ: حەزرەتی زەینەبی خوشکی ئیمام حوسەێن لە بەرەی جەنگ حوسێنی برای بە کوژراوی بینی بە گریانەوە هاواری ئەکرد:

يا محداه يا محمداه، صلي عليك اللة، وملك السماء، هذا حسين بالعراء، مزمل بالدماء، مقطع الأعضاء، يا محمداه، وبناتك سبايا، وذريتك مقتلة، تسغي عليها الصبا، قال، فأبكت والله كل عدو وصديق.

واتە: هاوارە ئەی محمدا، خودا صەڵەواتی لەسەرت لێداوە، وە فریشتەش لە ئاسمان، ئەمە حوسێنە وا لەو چۆڵەوانیە، داپۆشراوە بەخوێن، ئەندامەکانی بڕاوە، هاوارە ئەی محمدا، کیژۆڵەکانت کراونەتە کەنیزە، نەوەکانیشت کوژران، بای صەباش والێیان ئەداو بەسەریاندا گوزەر ئەکات، ئا بەو شێوازە دەیگوت کە سوێند بەخوا دۆست و دوژمنی خستە گریانەوە.

پرسیار ئەگەر شیرکە بۆ ئیبن و کەپیر دەیگێڕێتەوە؟

وە ئەگەر دەڵێن هەر ڕیوایەتی کردووە، ئەوکاتە ئەڵێین بێ دەنگ بوون لە شیرك جائیزە؟ واتە بۆ ڕەخنەی لەو کردەوەی خاتوو زەینەب نەگرتیە کە بۆچی ئەو شیرکەی کردووە؟

شیعاری موسڵمانەکان لە جەنگی یەمامەی ساڵی ١١ کۆچی لە دژی موسەیلەمەی کەززاب بە قیادەی شمشێری خوا خالیدی کوڕی وەلید (یا محمداه) بوو.

حافیزی ئیبن و کەثیر لە (البداية والنهاية)(٩/٤٦٥ ) .

وە تەبەڕی لە (تاريخ الطبري) (٣/٢٩٣) .

وە ئیبن و ئەثیر لە (الکامل فی التاریخ) ئەفەرموون: "دروشمی موسڵمانەکان لەو شەڕەدا (یا محمداە) بوو ، بەجۆرێ کە بۆ هەرکەسێ دەرچووبانە ئیللا ئەیانکوشت......

لە هەر سێ کتێبەکەش بە (یا محمداە) هاتووە کە تیادایەو بۆ بانگکردنەو داوای کۆمەکی کردنەو ترساندنی دوژمنیشە.

وە یەکێ لەو زاتانە گەورانەش نەیانگووتووە ئەو شیعارە کوفرو شیرکە، ئەوە ئێوەی وەهابی لە شەیتانەوە بەوەحی بۆتان هات کە پێتانی گوت ئەوە شیرکە.

وەکەسیش فەلسەفەمان بەسەر لێ نەدا فەرموون ئەوەش فەتوای عبد الله کوڕی محمدی کوڕی عبد الوهاب، لە دەمی مێژوونوسانی خۆیانەوە

عبد الله کوڕی محمدی کوڕی عبد الوهاب لە مەککە وەستاو گوتی: "ئەو کەسەی بڵێتن یا رسول الله، یان یا ابن عباس، یان یا عبد القادر یان غەیری ئەمانەش لە دروستکراوان، مەبەستی بەمەش پاڵنانی شەڕێك بێ یان بەدەستهێنانی خێرێك بێ لە هەموو ئەو شتانەی کە هیچ کەسێك توانای بەسەردا ناشکێ جگە لە خوای گەورە نەبێ لە شیفای نەخۆش و سەرکەوتن بەسەر دوژمن و پاراستن لە پێ ناخۆشبوویەك و غەیری ئەمانەش ئەوە موشریکە بە شیرکێکی گەورە کە خوێنی بە فیڕۆ ئەدرێ و ماڵەکەشی حەڵاڵ دەکرێ، ئەگەرچی بڕواشی وابێ فاعیل و بکەرو موئەسسیر لە بەڕێوەبردنی گەردوون تەنیا خوایە، بەڵام مەبەستی دروستکراوانە لە دوعاو ئەیانکاتە تکاکاری خۆی و بەهۆیانەوە خۆی نزیك ئەخاتەوە تاوەکوو حاجەت و پێویستیەکەی لە خواوە بۆ جێ بەجێ بکرێ

بەهۆی نهێنی ئەوان و شەفاعەتی ئەوان بۆی لە ڕۆژەکانی بەرزەخدا﴾. بڕوانە: (الدرر السنية والأجوبة النجدية)(ب١/ل ٢٢٤).

بەو فەتوایە ئەو هەموو هاوەڵ و تابیعیانە کافرن چونکە ئەوانیش لەناو جەنگبوون هاواری پێغەمبەریان کردیە صلى الله عليه وسلم، بۆیە لە خوا بترسن و بگەڕێنەوە بۆ فەهمی حەقیقی سەلەف.

مامۆستا نورسی ئەفەرمووێ: "لەوکاتەی کە تەمەنم نۆ ساڵان ئەبوو کەس و کارو نزیکەکانم خۆیان دابووە پاڵ تەریقەتی نەقشەبەندی، وە داوای یارمەتیان لە شەیخێکی بەناوبانگ ئەکرد کە (غەوسی خیزانی)[٧٣] بوو، بەڵام من پێچەوانەی ئەوان بووم و ئەم گوت: "ئەی شێخی گەیلانی سوورەتی فاتیحەت بۆ ئەخوێنم[٧٤] بۆ نموونە گوێزێك یاخود شتێکی ترم بزر کردووە بۆم بدۆزەرەوە. جا کارێکی زۆر سەرسامکەر بوو سوێند بەخوا هەزار جار بەو شێوەیە یارمەتی منی داوە. هەر بۆیەش هیچ زیکرو وریدێکم نەخوێندووەتەوە مەگەر پاداشتەکەیم پێشکەش بە حەزرەتی ڕەسوول کردووە ە، پاشان پێشکەشی حەزرەتی گەیلانیم کردووە. وە لەگەڵ هەندێش من تەریقەتم نەقشەبەندیە بەسێ لایەوە[٧٥]، وە خۆشەویستی تەریقەتی قادری و سەرچاوەکەی لە مندا هاتووچۆ ئەکات و زاڵ بووە بەسەرمدا بەبێ ویستی خۆم. بەڵام ئەوەندەش هەیە لەبەر خۆ خەریك کردن بە زانست ڕێگرە لەوەی کەوا خۆم بە تەریقەتی صۆفیەوە سەرقاڵ بکەم"[٧٦].

---

[٧٣] ئەوە شێخ صبغة الله ئەڕواسیە کە خەلیفەی سەید طە نەهریە ئەویش خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشەبەندی شارەزووریە.

[٧٤] واتە: سوورەتی فاتیحە ئەخوێنم و پاداشتەکەی ئەکەمە هەدیە بۆ ڕۆحی تۆ ئەی شێخی گەیلانی قدس سره.

[٧٥] هەروەك دایك و باوك و مامۆستاکەی تەریقەتیان نەقشەبەندیە.

[٧٦] (السيرة الذاتية لأستاذ بديع الزمان)(ل٦٣).

وە ئیمامی سبوکی ئەفەرموویێت: "تەوەسسول و (ئیستیغاثة) واتە داوای کۆمەکی و داوای شەفاعەتکردن بە پێغەمبەر بە چاك دائەنرێت بۆ لای خوای مەزن"[٧٧].

کۆتایی

عیللەت لە هاوارکردن بەو مەرجانەی سەرەوە کە باسی لێوە کرا ئەوەیە هەروەك چۆن موعجیزەکانی پێغەمبەری خوا کۆتایی پیّ نەهاتووە لە دوای وەفاتیشی کەرِاماتی ئەولیاش کۆتایی پیّ نایێ چ لە ژیانیدا وە چ لە دوای وەفاتیدا، جا ئەو هاوارەش هەر تەوەسسولە هەر لەزاتی خۆیدا، وە چەندین زاناش پێیان دروست بووە، هەتا ئیبن و تەیمیەش نەهات کەسێك فەتوای حەرِامێتی نەداوە، جا لێرە ئەپرسین؟ ئیبن و تەیمیە لە سەدەی شەش سەدو حەوت سەدی کۆچی ژیاوە ئایە ئەو چەند سەدەیە خەڵك هەمووی بە موشریکێتی ژیاوە؟

وصلى الله وسلم وبارك على سيدنا محمد وآله وصحبه وسلم

---

[٧٧] المجموع ٨ / ٢٧٤، وفيض القدير ٢ / ١٣٤ - ١٣٥، وإعانة الطالبين ٢ / ٣١، ومقدمة التجريد الصريح بتحقيق الدكتور مصطفى ديب البغاص.